Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣٠١

# بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لە پرۆسەی پەیوەندی بێتەلدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**دەشتی عەلی ڕەشید**

زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی باخچەی ساوایان

**دڵشاد محمد غەریب**

زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زمانی کوردی

**یادگار عەلی محمد**

زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زمانی کوردی

***Article Info***

Received: June, ٢٠٢٠

Revised: June ,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

***Keywords***

بەکارهێنان، شێوەزار، شێوەزاری خانەقین، پرۆسەی پەیوەندیکردن، پەیوەندی بێتەل

Corresponding Author

Dashti.ali@garmian.edu.krd

dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd

yadgarali@garmian.edu.krd

**پوختە**

(مۆبایل) لەبەرهەمە نوێیەکانی(تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن)ە، پێگەیەکی گرنگی لەژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا هەیە و ڕۆژانە تاکەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لەنێوان خۆیان و دەوروبەریان بەکاریدەهێنن. (شێوەزاری خانەقین)یش؛ لەشێوەزارە گرنگ و دیارەکانی زمانی کوردییە و ژمارەیەکی زۆر لەبەکارهێنەر لەڕێگەی (مۆبایل)ەوە بەکاریدەهێنن. لەو پرسە گرنگانەشە کەڕەنگبێت تائێستا کەمترین ڕۆشنایی زانستی خرابێتەسەر.

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیە لەئاستی بەکارهێنانی مۆبایل لەشێوەزاری خانەقیندا، هەروەها ڕۆڵی بەکارهێنانی مۆبایل لەگەشەپێدان، دەوڵەمەندکردن و بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو شێوەزارەی زمانی کوردی. لەپاڵئەوەشدا؛ توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە بگات بە: زانینی پاڵنەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لای ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین، پاشان دەرخستنی سوودە بەدەستهاتووەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆبایل لەشێوەزاری خانەقیندا.

ئەم توێژینەوەیە لە(توێژینەوە وەسفیی)ەکانە و ڕێبازی (ڕوپێوی) بەبەکارهێنانی (فۆرمی ڕاپرسی) تێدا بەکارهاتوە. (کۆمەڵگەی توێژینەوە) بریتیە لە(هاوڵاتیانی کورد زمان/ شێوەزاری خانەقین) لەهەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) لەسەنتەری شاری خانەقین، بۆ (نمونەی توێژینەوە)کەش؛ سامپڵی (هەڕەمەکی مەبەستدار) بەوەرگرتنی (٦٦) هاوڵاتی لەهەموو چین و توێژەکانی شاری خانەقین وەرگیراوە لەماوەی نێوان (٢٠٢٠/٢/١٥ - ٢٠٢٠/٤/١).

لەئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە: زۆرینەی بەرتوێژان ڕۆژانە لەپێنج کاتژمێر بۆ سەرەوە مۆبایل بۆ کاری جۆراوجۆر: (تۆڕی کۆمەڵایەتی، نامەگۆڕینەوە) بەکاردەهێنن، بەڵام بۆ کاری پەیوەندیکردن (ئاخاوتن)، ڕۆژانە (کەمتر لە ١٠ خولەك) مۆبایل بەکاردەهێنن.

زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەیان گرتوە، پێیانوایە (بەڵێ) پەیوەندیی تەلەفۆنی لەڕێگەی مۆبایلەوە، ڕۆڵی گرنگی لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردن و بەزیندوهێشتنەوەی شێوەزاری خانەقین بینیوە. لای زۆرینەی بەرتوێژان کەپلەی یەکەمیان گرتوە، (پاڵنەری مەعریفی – ناسەوانی: بۆ بەهێزکردنی لایەنی مەعریفی) لەسەرو هەمو پاڵنەرە دەرونی کۆمەڵایەتیەکانی ترەوەیە بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لەشێوەزاری خانەقین، هەروەها هەریەك لەپاڵنەرەکانی (پاڵنەری زمان: بۆ گرنگیدان بەشێوەزاری خانەقین)،(پاڵنەری ناوچەیی: جۆرێکە لە شانازیکردن بە ناوچەکەمەوە) و (پاڵنەری خۆشی بەخشین: بۆ چێژوەرگرتن و کاتبەسەربردن) لەپلەی دووەمدا دێن. زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا، (بۆ پاراستنی شێوەزاری خانەقین و گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر) سوودیان لەتێرکردنی پێداویستیەکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆبایل لەشێوەزاری خانەقین وەرگرتوە، هەروەها پلەی دووەمیان (تێرکردنی لایەنی دەروونیو هەستکردن بە پشووی دەروونی: کاتێك بە شێوەزاری خانەقینی دەدوێن هەست بە پشووی دەروونی دەکەن) و پلەی سێیەمیش (تێرکردنی لایەنی ویژدانی: کاتێك هەندێك پەیوەندیی تەلەفۆنی بە شێوەزاری خانەقینی گفتوگۆ دەکەن، هەست بە ئاسودەیی ویژدان دەکەن).

## پێشەکی :

(شێوەزاری خانەقین) بەشێك لەزمانی ئاخاوتنی ئەو خەڵکانەیە کە لەدێرزەمانەوە لەسنوری جوگرافیای ناوچەی گەرمەسێر نیشتەجێن و لەکاروبارەکانی ژیانی رۆژانەدا بۆ لەیەکگەیشتن لەنێوان خۆیان و دەوروبەریان بەکاریدەهێنن.

(قەزای خانەقین)، وەك ناوچەیەك، لەمێژە مەڵبەندی شارستانیەت و ئاوەدانی بوە و سنورێکی بەرفراوان لەخۆدەگرێت. گرنگی ئەم ناوچەیە وایکردوە بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاجیاکان ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، تەنانەت نەتەوەکانی تری سنورەکەش بێنە ئەم ناوچەیە و ئاشنایەتی لەگەڵ شێوەزارەکە پەیدابکەن، ئەوەش فاکتەرێکی گەشەی بەردەوامی شێوەزارەکە و بەرفراوانبونی سنوری جوگرافیایی بەکارهێنانی بوە. هەروەها لەبەر ستراتیژیەتی شوێنی جوگرافی ئەم شێوەزارە، خەڵکانێکی زۆر ناوچەکەیان بەشوێنی ژیانکردنی خۆیان هەڵبژاردوە و تێیدا ماونەتەوە و هەندێك بەکاری کشتوکاڵی و هەندێکیتر بەکاروباری کۆمەڵایەتی و تەنانەت بازرگانیش سەرقاڵبون.

پرۆسەی (پەیوەندی بێتەل) بوارێکی گرنگە لەپرۆسەی پەیوەندیکردن، ڕۆژانە تاکەکانی کۆمەڵگە لەچوارچێوەی ئەم پرۆسەیەدا لەڕێگەی زمان و شێوەزارەوە پەیامەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و هەرچی پێداویستی نێوانیان هەیە دەگۆڕنەوە. ئەمجۆرە پەیوەندیە کەزیاتر لەئامرازی مۆبایلدا بەرجەستە دەبێت، بوە بەو کەناڵە پەیوەندیەی کەپەیامەکان لەنێرەرەوە بۆ وەرگر دەگوێزێتەوە، ئەو کەرەستە زمانیانەشی لەم پرۆسەیەدا بەکاردەهێنرێن، بەشێوەیەکی گشتی بریتین لەزمان و شێوەزار و هێما و کۆدەکانیان.

گەشەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی بێتەل و بڵاوبونەوەی بەوشێوە بەرفراوانەی کەهەستی پێدەکرێت، هاوکێشەیەکە ڕاستەوخۆ بەمانای بەرفراوانبونی پانتایی بەکارهێنانی لەلایەن بەکارهێنەران دێت و لەهەر جۆرە

بەکارهێنانێکیشدا زمان و شێوەزار و پایەکانی دروستبون و پێکهاتنی پەیوەندیەکەن، بەمانایەکی تر تاوەکو بواری تەکنەلۆجیای پەیوەندی بێتەل گەشە بکات، بوار و ئاستی بەکارهێنانیشی زیاتر دەبێت و لەهەر جۆرە بەکارهێنانێکیشیدا زمان و شێوەزار کەرەستە و داینەمۆی پێکهاتن و مانا بەخشینن بەپرۆسەکە.

ئێستا پەیوەندی بێتەل هەمو جیهانی پێکەوە بەستوەتەوە و بەربەککەوتنی شێوەزارەکان زۆر زیاتر و کاریگەرتر بوە لەپێشو. بۆیە لێکۆڵینەوە لەئاستی بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لەبەرئەنجامی ئەو گەشەکردنەی لەپرۆسەی بێتەل هاتوەتەدی، بابەتێکە جێگەی بایەخە و ڕەنگبێت هەوێنێکیش بێت بۆ زانینی بارودۆخی ئەو شێوەزارە لەڕۆژگاری ئەمڕۆ کەتەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن پەی بەهەمو شوێن و جێگایەکی گۆی زەمین بردوە.

باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە

(١-١) ناونیشان و بواری توێژینەوە:

توێژینەوەکە بەناونیشانی: (بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لە پرۆسەی پەیوەندی بێتەلدا) کاری تێدا کراوە، ئەمڕۆ (پەیوەندی بێتەل– مۆبایل)، وەک پێداویستییەك، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی دەستیان پێیگەیشتوە و بەکاریدەهێنن، هەمو ئەو پەیوەندیانەش بەزۆری لەڕێگای (زمان/ ئاخاوتن)ـەوە بەرجەستەدەکرێن، نەک نوسین، واتا ئەو زانیارییە زمانییانەی کە لەڕێگای مۆبایلەوە دەنوێنرێن، وەکو تاقیکردنەوەیەکی نوێ و زانستیی لە بواری (زمان و ڕاگەیاندن) گەنجکراون. لەم توێژینەوەیەدا؛ سنوری ناوەندی قەزای خانەقین لەباشوری کوردستان بەبواری شوێن و نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٠) بەبواری کات دیاریکراوە، بواری بابەتی توێژینەوەکەش؛ لەچوارچێوەی (زمانەوانی/ فۆنەتیك) و (ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن)دایە.

**(١-٢) کێشەی توێژینەوە:**

لێکۆڵینەوەیە لەئاستی چەندێتی بەکارهێنانی ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقین، بەراورد بەزمانی (ستاندارد/ شێوەزاری سلێمانی) یاخود زمانێکی دیکە لەڕێگای مۆبایلەوە، جگە لەوەش؛ نیشاندانی ڕۆڵی ئەو ئامرازە لە(پەیوەندی، گەشەپێدان، زیندوهێشتنەوە)ی شێوەزاری خانەقین لەئاخاوتندا، نەک نوسین.

(١-٣) ئامانجی توێژینەوە:

ئەو توێژینەوەیە هەوڵدەدات بگات بە:

-زانینی بەراوردی بەکارهێنانی ئاستی شێوەزاری خانەقین لەلایەن ئاخێوەرانی ئەو شێوەزارە لەنێوان خۆیان لەگەڵ بەکارهێنانی لەگەڵ ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی.

-گەیشتن بەگرنگترین وشە و دەستەواژە بەکارهاتوەکانی شێوەزاری خانەقین کەلەپەیوەندی بێتەلدا بەکاردەهێنرێت.

-زانینی گرنگترین ئەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی مۆبایل کەکاریگەرن بۆ بەکارهێنانی شێوەزار.

-ڕادەی ڕەزامەندی ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین لەخزمەتگوزاریە زمانیەکانی ناو ئامێری مۆبایل.

-پاڵنەرە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لای ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین.

-سودە بەدەستهاتوەکان (الإشباعات المتحققە) لەبەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی.

(١-٤) ڕێباز و ڕێگای توێژینەوە:

پشت بەڕێبازی وەسفی (پەسنی) بەبەکارهێنانی ڕێگای (ڕووپێوی – المسح) بەستراوە و لەڕێگەی ئامادەکردنی (فۆرمی ڕاپرسی) کە یەکێکە لەئامرازە گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، لەگەیشتن بەکێشە و ئامانجی توێژینەوەکە کۆڵدراوەتەوە.

(١-٥) کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

لێرەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەهەرێمی کوردستان- عێراق، نمونە (سامپڵ)ی توێژینەوەکەش لە ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین لەناوەندی شاری خانەقین پێکهاتوە، بەوەرگرتنی تێڕوانینی (٦٦) لەئاخێوەری ئەو شێوەزارە لە هەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) لەماوەی نێوان (١٥ی شوبات تاوەکو ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٠)، کەبەشێوەی نمونەی (هەڕەمەکی) وەرگیراون. بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

**(١-٦) ئامرازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی:**

ڕاپێوی (الإستبانە)ی ئۆنلاین(*) وەك ئامرازێك بۆ زانینی تێڕوانینی نمونەیەك لەئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین

لەهەردوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) بەکارهێنراوە. ئەوەش لەپاش دڵنیابون لە کارایی ڕاپرسییەکەو گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەداو، بە پشتبەستن بە ڕواڵەتەدروستیی (الصدق الظاهري)، لەلایەن ژمارەیەك (شارەزای زانستیی)(**)هەڵسەنگێنراو پاش وەرگرتنەوەی لە بەڕێزیانو تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، بەپێی پێویستو گونجان گۆڕانکاریی تێدا کراو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی)ەوە ڕادەی دروستییەکە دەرهێنرا، کە بریتییە لە (٨٥%)، ئەمەش لە ڕوی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە.

(١-٧) وشە سەرەکیەکان:

لەم توێژینەوەیەدا چەند وشەیەکی سەرەکی هەن، لەخوارەوە بەشێوەی کارەکی(الإجرائی) دەیانناسێنین، بریتین لە:

أ. بەکارهێنان: گوزارشتە لەئەزمونکردنی کۆمەڵایەتیانەی ئامێری پەیوەندی مۆبایل لەچوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو، لەلایەن تاکێك یان کۆمەڵێك کەپەیوەستە بە هەندێك ئامانجی دیاریکراو، لەپێناو بەدیهێنانی بونیادنانی ڕۆشنبیریەکی تێکەڵ لە ژیانی ڕۆژانەدا.

ب. شێوەزار: بریتیە لەهەموو جیاوازییە زمانیەکانی نێوان یەك زمان، هەریەك لەو جیاوازیانە بە شێوەزار دادەنرێن و هەڵگری تایبەتمەندی زمانی خۆیانن و جیاوازن لەیەکدی.

ت. شێوەزاری خانەقین: یەکێکە لەشێوەزارە دیارەکانی زمانی کوردی، خاوەنی بنەما و تایبەتمەندی زمانی تایبەت بەخۆیەتی و لەڕێگەی ئەو تایبەتمەندیانەوە لەشێوەزارەکانی تری زمانی کوردی جیادەکرێتەوە.

پ. پرۆسەی پەیوەندی: ناردنی پەیامی دەنگیە لە نێرەوە بۆ وەرگر لەچوارچێوەی پرۆسەی (پەیوەندیکردن – Communication)، بەلەبەرچاوگرتنی هاوکێشەی پەیوەندی (نێرەر – پەیام – کەناڵ – وەرگر – کاریگەری) و بەبەکارهێنانی (کەناڵ – ئامێر)ی (تەلەفۆن).

ج. پەیوەندی بێتەل (مۆبایل): ئامێرێکی بچوکی ئەلیکترۆنی تایبەت بەپەیوەندیکردنە و لەتوانادایە بەئاسانی هەڵبگیرێت و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە.

(١-٨) توێژینەوەکانی پێشو:

تا ئەو سنورەی توێژەران گەڕان و پشکنینیان بۆ سەرچاوەکانی پێشو لەم بوارەدا ئەنجامدا، هیچ توێژینەوەیەکیان بەردەست نەکەوت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبابەتی توێژینەوەکەوە هەبێت، چەند توێژینەوەیەکیان وەرگرت کە پەیوەندی ناڕاستەوخۆیان بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە هەبو، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: توێژینەوەی (ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەپرۆسەی تێگەیشتن لەزاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان - توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، (یادگار عەلی، هەژار خداداد: ٢٠١٩).

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە زانینی (ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەپرۆسەی تێگەیشتن لە زاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان). لەوێشەوە زانینی پەیوەندی نێوان پێشکەشکردنی (گەشتی هەواڵ) بەزاری کرمانجی سەروو لەگەڵ ڕادەی تێگەیشتن لەیەکە زمانییەکانی ئەو زارەی زمانی کوردی، هەروەها زانینی دیدو بۆچوونی خوێندکارانی زانکۆ لەبارەی بەکارهێنانی جووتزاری (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) لەکەناڵەئاسمانییە کوردییەکان. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی – ڕووپێوی) بەکارهاتووە و سامپڵی (هەڕەمەکی ڕێکخراو)یش بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە، کە بریتیە لە(١٥٦) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) لەخوێندکارانی بەشی زمانی کوردی (خوێندنی بەیانیان، خوێندنی ئێواران) لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت. لەئەنجامە زانستیەکانی توێژینەوەکە: خوێندکارانی زانکۆ، وەکچۆن خۆشحاڵی ئاشنابوون و فێربوونی زاری کرمانجی سەروون، پێشیان باشە جووتزاری (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) لەپێشکەشکردنی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەبێت، تەنانەت ئەو زارە لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکانی تری کەناڵەکان بەکاربهێنرێت، چونکە گرفتی تێگەیشتنیان لەوبەرنامانە نیە کە بەزاری کرمانجی سەروو لەو کەناڵانەوە پەخش دەکرێن. هەروەها بەهۆی تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئێستا لەو پەیامانە تێدەگەن کە بەو زارە ئاراستەیان دەکرێت، هەروەك دەتوانن نووسین بەشێوەزاری کرمانجی

سەروو بخوێننەوە و لەوڕێگەیەوە واتای بەشێك لە وشە فەرهەنگیەكانیش فێربوون.

دووەم: توێژینەوەی (الهاتف الجوال: أهميته واستخداماته في جامعة قطر - دراسة ميدانية)، (محمد القضاة:٢٠١٠).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی هۆكارە پاڵنەرەكانە لای گەنجان بۆ بەكارهێنانی مۆبایل، هەروەها زانینی ڕادەی سودوەرگرتن لەلایەنە باشەكانی ئەو ئامێرە. ئەم توێژینەوەیە لەتوێژینەوە وەسفیەكانە و ڕێبازی ڕوپێوی تێدا بەكارهاتوە و (٢٥٠) خوێدكاری زانكۆ لەچەند زانكۆیەكی وڵاتی قەتەر بەنمونەی توێژینەوەكە و بەڕێگەی سامپڵی هەڕەمەكی سادە وەرگیراون. بەپێی ئەو ئەنجامانەی كە توێژینەوەكە پێیگەیشتوە، (٤١%)ی گەنجانی قەتەر زیاتر لەئامێرێكی مۆبایلیان هەیە، هەروەها بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەكاریدەهێنن و لەپێش هەموویانەوە بەمەبەستی ئاگاداركردنەوە بۆ بەئاگابونەوە لەخەو، هەروەها بەمەبەستی زانینی شوێنی كەسە نزیكەكانیان و ئاگابون لێیان، لەگەڵ بەكارهێنانی بۆ پیرۆزبایی لەبۆنە جیاوازەكان. سەبارەت بەڕادەی ڕەزامەندی گەنجانی زانكۆكان، ئەنجامەكان دەریخستوە كە (٧١.٨%) یان لەنرخی ئامێری مۆبایل و خزمەتگوزارییەكانی لەلایەن كۆمپانیاكانەوە ڕازینین.

سێیەم: توێژینەوەی (الدوافع النفسية والإجتماعية والإدارية وراء استخدام الشباب الفلسطيني لوسائل الاتصال الحديثة)، (زياد بركات, صائل صبحة: ٢٠١٢).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەزانینی پاڵنەرە دەروونی، كۆمەڵایەتی و كارگێڕییەكانی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای نوێ (مۆبایل) لەلای گەنجان لەڕوانگەی گۆڕاوەكانی (توخم، پسپۆری، داهاتی مانگانەی خێزان)، بۆئەو مەبەستەش ڕێبازی وەسفی بەڕێگەی (ڕوپێو) بەكارهاتوە و سامپڵی توێژینەوەكەش بە (٣٤٨) خوێندكار لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەڕێگەی هەڕەمەكی چینایەتی لەزانكۆی كراوەی قودس وەرگیراون. توێژینەوەكە گەیشتوە بەچەند ئەنجامێكی زانستی، لەوانە: ئاستی كاریگەری پاڵنەرەكانی بەكارهێنانی مۆبایل لای گەنجان لەبواری كارگێڕی زۆر بەهێزترە، بەراورد بەپاڵنەرە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكان، هەروەها ئەنجامەكان ئاماژەن بۆئەوەی كە لەڕووی ئامارییەوە جیاوازی هەیە لەئاستەكانی كاریگەری پاڵنەرە دەروونی، كۆمەڵایەتی و كارگێڕییەكان، بەشێوەیەك تێكڕای بەكارهێنانی ئامێرە نوێیەكانی پەیوەندیكردن لەنێوان گەنجان بەپێی گۆڕاوی (داهاتی مانگانەی خێزان) چونیەك نیە و لەبەرژەوەندی ئەو گەنجانەیە كە داهاتی مانگانەیە بەرزترە، سەرباری ئەوەش ئەنجامەكان دەریدەخەن كە هیچ ئاماژەیەكی ئاماری نیە لەئاستی كاریگەری پاڵنەری بوارە جیاوازەكان لەبەكارهێنانی ئامێری مۆبایل لەلای گەنجان بەپێی گۆڕاوەكانی (توخم و پسپۆری).

چوارەم: توێژینەوەی (مدى استخدام الطلبة للهواتف الذكية بهدف الحصول على المعلومات: طلبة كلية الإعلام وكلية تكنولوجيا المعلومات في جامعة النجاح الوطنية نموذجا)، (تسامي رمضان، أنوار عبده: ٢٠١٧).

ئەم توێژینەوەیە لەزانینی ئامانج لەبەكارهێنانی مۆبایل لای خوێندكارانی كۆلێجی ڕاگەیاندن و كۆلێجی تەكنەلۆجیای زانیاری دەكۆڵێتەوە، هەروەها زانینی ڕۆڵی شارەزای خوێندكارانی كۆلێجی تەكنەلۆجیای زانیاری لەبەكارهێنانی مۆبایل بەئامانجی گەیشتن بەزانیاریەكان، سەرباری ئەوەش زانینی ئەو بوارانەی كە خوێندكاران مۆبایلی تێدا بەكاردەهێنن. لەم توێژینەوەیەدا پشت ڕێبازی وەسفی بەڕێگەی (ڕوپێو) و بەبەكارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەستراوە، كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتیە لە خوێندكارانی زانكۆكانی فەلەستین و هەرچی سامپڵی توێژینەوەكەش لە (٣٦٦) خوێندكار لەهەردو ڕەگەزی نێر و مێ و لەهەردوو كۆلێجی ڕاگەیاندن و تەكنەلۆجیای زانیاری پێكهاتون. توێژینەوەكە گەیشتوە بەچەند ئەنجامێكی زانستی: خوێندكارانی كۆلێجی تەكنەلۆجیای زانیاری بەهۆی شارەزایی و پسپۆرییان، بەراورد بەخوێندكارانی كۆلێجی ڕاگەیاندن زیاتر سودی لێدەبینن بۆ گەیشتن بەزانیارییە پێویستەكانیان، هەروەها بەپێی ئەنجامەكان مۆبایل ئامێرێكی زۆر چالاكە بۆ دەستڕاگەیشتن بەزانیاری، هەروەها زۆربەی خوێندكاران وەك ئامێرێكی گرنگ لەمۆبایل دەڕوانن بۆ دەستخستنی زانیاری.

(١-٩) سوود وەرگرتن لەتوێژینەوەكانی پێشو: لەدیاریكردنی هێڵەگشتیەكانی توێژینەوەكە، دیاریكردنی كێشە، ئامانج، جۆر و میتۆدی توێژینەوە بەرچاوڕوونی بەتوێژەران بەخشی، هەروەها توێژەران توانیان ئەنجامەكانی

توێژینەوەكەیان بەراورد بكەن بەئەنجامی توێژینەوەكانی پێشو و خاڵی كۆك و ناكۆك بەدەربخەن.

(١٠-١) تیۆری بەكارهاتو لەتوێژینەوەكەدا: (تیۆری بەكارهێنان و سوود وەرگرتن – الإستخدامات والإشباعات).

توێژەران تێگەیشتنیان وایە چوارچێوەی تیۆری (بەكارهێنان و سوود وەرگرتن) لەگەڵ بابەتی ئەم توێژینەوەیەدا یەكدەگرێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین بەمەبەستی جۆراوجۆر مۆبایل بۆ كاری پەیوەندیكردن بەكاردەهێنن، بۆ ئەوكارەش پاڵنەری جیاواز هەیە و سوود لە بەكارهێنانی مۆبایل وەك ئامرازێكی ڕاگەیاندن و پەیوەندیكردن وەردەگرن تابتوانن پێداویستیەكانیان تێر بكەن یاخود پڕبكەنەوە.

ئەم تیۆرە لەسەر دەستی (ئەلیهو كاتز) لەساڵی (١٩٥٩) هاتەكایەوە، كاتێك توێژینەوەیەكی لەسەر پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری ئەنجامدا، توێژینەوەیەكی ڕێكخراو بوو، ئەنجامەكانی دەریانخست؛ هەڵسوكەوتی تاك لەهەموو بوارەكان جیاوازە و پەیوەستە بەو پێداویستییانەی كە هەیەتی و هەوڵ بۆ تێركردن و پڕكردنەوەیان دەدات، هەر ئەوەش وادەكات تاكەكان بەشوێن ئەو ناوەڕۆكانەوە بن كەپێداویستیە دەروونیی و كۆمەڵایەتیەكانیان پڕدەكاتەوە، هەروەها (كاتز) پێیوابوو؛ كاریگەری ئامرازەكانی ڕاگەیاندن سنوردارە، (جیایی-الانتقاء) لەهەڵسوكەوتی وەرگران لەمپەر لەبەردەم هاوكێشەكە دروست دەكات، سەرباری ئەوەش كاریگەری ئامرازەكانی ڕاگەیاندن لەسەر تاك ڕاستەوخۆ نییە، بەڵكو بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغە و كاریگەرییەكان بەخێرایی ڕوونادەن، چونكە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە پێویستی بەكات هەیە (یادگار عەلی: ٢٠١٨، ٧٩).

(١-١٠-١) ئەو بنچینانەی كە ئەم تیۆرە پشتی پێ دەبەستێت:

گریمانەی سەرەكی ئەم تیۆرە (جەماوەری چالاك)ە، ئەوان؛ ئامرازەكانی پەیوەندیكردن بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیەكانیان بەكاردەهێنن، ئەو ئامرازە هەڵدەبژێرن كە پێداویستەكەیان تێردەكات، لەنێوان ئەو هەموو ناوەڕۆكە میدیاییەی كە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن پێشكەشی دەكەن، ئەو ناوەڕۆكە هەڵدەبژێرن كە گونجاوە بۆیان، ئەو هەڵبژاردنەش لەسەر چەند گۆڕاوێكی دیمۆگرافی وەستاوە Katz, E., Blumler, J. G., & Gurevitch, M: ١٩٧٤, p: ) ٢١-٢٢).

(٢-١٠-١) ئامانجەكانی تیۆری بەكارهێنان و تێركردن:

١. زانینی چۆنیەتی بەكارهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن لەلایەن جەماوەر بەگریمانەی ئەوەی كەجەماوەرێكی چالاك و هۆشیارن و ئەو ئامرازە بەكاردەهێنن كەپێداویستیەكانیان پڕدەكاتەوە.

٢. زانین و تێگەیشتن لەو پاڵنەرانەی وەها لە جەماوەر دەكات بۆ تێركردنی پێداویستیەكانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بەكاربهێنێت.

٣. دەستڕاگەیشتن بەو ئەنجامانەی كە یارمەتیدەر دەبێت تا لەچەمكی پرۆسەی پەیوەندیكردن تێبگەین.

ئەم تیۆرە ئەوەش ڕووندەكاتەوە كە پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی تاك تەنها لەڕێگەی بەكارهێنانی ئامرازێكی دیاریكراوی ڕاگەیاندنەوە بەئەنجام ناگات، بەڵكو لەڕێگەی ئەو چوارچێوە كۆمەڵایەتیەشەوە دەبێت كە ئەو ئامرازەی تێدا بەكاردەهێنرێت. هەر بۆیە (یاهو كاتز) ئەو دەستپێكەی بەچەند بنەمایەكی سەرەكی دیاریكرد، ئەوانیش: (یادگار عەلی: ٢٠١٨، ٨٢).

أ- جەماوەری چالاك: (Active Audience): مەبەستە لەوەیە كە تاكەكانی جەماوەر لەوەرگرتنی ئەو پەیامانەی لەڕێگەی بەكارهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنەوە بەدەستیدەهێنن چالاكن و تەنها جەماوەرێكی نەرێنی- پاسیڤ- نین و كاتێك ئەو ئامرازانە بەكاردەهێنن دەزانن بۆ پڕكردنەوەی كام لەو ئارەزوو و پێداویستیەیە كە دەیانەوێت.

ب- بنەمای كۆمەڵایەتی و دەروونی لەبەكارهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن.

ت- پێداویستی و پاڵنەرەكانی جەماوەر بۆ بەكارهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن: دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

یەکەم: پاڵنەری سوود (Instrumental Motive): گەیاندنی سوودە بە خودی تاك خۆی، لەڕێگەی زانین و زانیاری و ئەزموونکردن.

دووەم: پاڵنەری بارودۆخ (Ritualized Motive): ئامانج لێی کات کووشتن، پشتگوێخستنی ناجێگیری دەروونی، هاوڕێیەتی و ئولفەت گرتن بەئامرازەکان، هەڵهاتن لە کێشەکان، ئەم بەشە لەجەماوەر بەجەماوەری بەرنامە خۆشیبەخشەکان ناسراون، وەك دراماکان، فیلم، هەمەرەنگ، بەرنامەی جۆراوجۆری خۆشیبەخش.

ث- چاوەڕوانیەکان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

ج- تەماشاکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

تێرکردن لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (تێرکردنی ناوەرۆك)، دابەش دەبێت بۆ: (یادگار عەلی: ٢٠١٨، ٨٣).

أ.تێرکردنی ئاراستەکراو (Orientation Gratifications): پێکدێت لە دەستراگەیشتن بەزانیارییەکان، جەختکردنەوە لەخود و چاودێری ژینگە، ئەم جۆرە لەتێرکردن پەیوەستە بە زیاد بەکارهێنانی ئامرازەکان و گرنگیدان و پشتبەستن پێیان.

ب.تێرکردنی کۆمەڵایەتی (Social Gratifications): مەبەست لێی ئەوەیە کە تاك دەستی بەزانیارییەکان لەڕێگەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیەوە دەگات، کاتێك تاکەکانی جەماوەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی جۆرێك لە پەیوەندی لەنێوان خۆیان و هاوڕێکانیان و خێزانەکانیان، لەوێشەوە پێداویستیەکانیان تێردەکەن، بۆنموونە دۆزینەوەی بابەتگەلێك بۆ قسەلەسەرکردنی لەگەڵ ئەوانی تر، توانای بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و پتەوکردنی لایەنی مەعریفی، توانای تێگەیشتن لە واقیع و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان.

ت.تێرکردن – پرۆسەی پەیوەندیکردن (Process Gratifications): دابەش دەبێت، بۆ دوو جۆر:-

١- .تێرکردنی نیمچە ئاراستەکراو (Para Orientation): بەرجەستەدەبێت لەڕێگەی کەمکردنەوەی هەستکردن بە ئارێشە و بەرگریکردن لەخود، زیاتر لە ڕێگەی بابەتەکانی کاتبەسەربردن، خۆشیبەخشین و سەرنجڕاکێشییەوە دەبێت.

٢- تێرکردنی نیمچە کۆمەڵایەتی (Para Social): ئەمەیان لەڕێگەی پەیوەندیگرتنی تاکی بەکەسایەتیەکانی نێو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبێت، دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتانەی کە تاك هەست بە لاوازی پەیوەندی تاکی کۆمەڵایەتی خۆی و دوورەپەرێزی دەکات، بۆنمونە: خەیاڵکردن، بزواندنی هەست و سۆز، بۆئەوەش بیر لە کۆتاپهێنان بە نارەحەتی و قەلەق و تاکێتی و دوورەپەرێزی دەکاتەوە، ئیدی لەوێوە بیر لە خۆگونجاندن لەگەڵ کەسایەتیەکان دەکاتەوە.

(١-١٠-٣) شێوازی سوود وەرگرتنی لە تیۆری (بەکارهێنان و تێرکردن) لەم توێژینەوەیەدا:

١.زانینی ئەو پاڵنەرانەی وا لە ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین دەکات مۆبایل بۆ کاری پەیوەندیکردن (ئاخاوتن) بەکاربهێنن.

٢.دەرخستنی ئەو شێوە لە(تێرکردن - الإشباع) کە ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین لەمیانی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کاری پەیوەندیکردن (ئاخاوتن) بەدەستیدەهێنێت.

## باسی دووەم: ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقین لەپەیوەندیکردن لەڕێگەی مۆبایل

(٢-١) ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقین

(٢-١-١) پێشەکی:

زمان پەیڕەوێکی دەنگییە، یاخود ئامێرێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەکاردێت. هەمو زمانێک یاخود شێوەزارێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە دەبێتە (پێناس/ناسنامە) و لە زمانەکانی تر جیای دەکاتەوە، بەوینە زۆر جار بەهۆی ئەکسێنتی جیاوازەوە دەتوانیین شێوەزارێک لە شێوەزارێکی تر جیابکەینەوە. بەواتایە، هەمو زمانێک لە پێکهاتووەکانی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس)دا دەستور و پێواژۆی و تایبەتیی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییانە مەرج نییە لە هەمو شێوەزارێکدا بەرجەستەبکرێت. شێوەزاری خانەقیش یەکێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیی و لە ڕوی فۆنەتیکییەوە ئەکسێنتێکی تایبەتیی هەیە. هەر لەم ڕووەوە گۆڕانی دەنگەکان لە زمانی ئاخاوتندا ئازادانەیە و مەرج لەسەردانراو نیین، ئەمیش ئادگارێکی تایبەتی ئەو دەنگانەیە، کە دەربڕینی فۆنەتیکییان تارادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن و هەندێک گۆڕانکاریی فۆنەتیکیی

بەسـەریاندا هاتبێـت، بـۆیە شـێوەی نوسـینی (فـۆنێمی phonemics transcript_) و (فـۆنەتیکی _ phonetic transcript) لە لێکــــــــــۆڵینەوەی زمانەوانیــــــــــدا بەرجەســــتەدەکرێت، (فــــۆنێم، مۆرفێم/وشـــە)کان لە شـێوەزارەکەدا نیشـاندەدرێن. بـۆ نوسـینی فـۆنێمی هێڵی لاری خـورتی (/_ەکە/) بـۆ ئەو یەکانە بەکاردەهێنرێت، کە لە زماندا ئەرکی جیاکردنەوەیان هەیە. هەروەها بۆ نوسینە فۆنەتیکییەکان بە کەوانەی شکاوە ( [-əkə] ) دەخرێنەڕوو بـێ ئەوەی گرنگیـی بەئەرکـی یەکەکـان بـدرێت، بەڵکـو نوسـینەکە تەنهـا بـۆ ناسـینەوە و دیـاریکردنی خـودی (دەنگ/فۆن)ەکـــانە، وەك: [əgə] ~ ەکە [(مـــحەمەدی مەحـوبی: ٢٠٠٨، ٤٥) ئەم زانیاریانیش، بۆ ئەوەیە بزانرێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانە (مۆبایل)دا، تا چ ڕادەیەک زمانی دایک-زگماک بەکاردەهێنرێت.

(٢-١-٢) ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقین

ئاخـــاوتنی شـــێوەزاری خـــانەقین، ئەو ئاخـــاوتنەیە کە قسەپێکەرانی ناوچەکە بەکاریدەهێنن، دیاریکردنی سنوری جـوگرافیی شـێوە ئاخاوتنەکـانی خـانەقین لە نـاو شـاری خانەقینـــدا کـــارێکی ئاســـان نیـــیە، ئەویـــش بـــۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەندێک ئەکسێنتی جیاواز لە شارەکەدا بەرجەستە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەشـێوەیەکی گشــتیی شــێوە ئاخــاوتنی شــێوەزارەکە پــۆلێن بەســەر گەڕەکەکانی شارەکەدا دابەش دەکەین:

١_ گەڕەکەکانی(ئەرکەوازیی، بانمیـل، کارز/کارێزی خـوار، کارز/کارێزی بان، مڵکشا، بەختیاریی یەک، بەختیاریی دوو، بەختیـاریی سـێ، یوسـف بەگ، حـاجی عەلی مراد...هتـد/). دانیشـــتوانی ئەم گەڕەکـــانە شـــیعە مەزهەبـــن و پتـــر لە ئەکسێنتی فەیلی و زمانی فارسییەوە نزیکن.

٢_ گەڕەکەکــــانی(مەزرعە، حەی عومال/کرێکـــــاران، مامۆســـتایان، تـــوڵەفرۆش، جەلەوە، مەیـــدان، حەی ڕەمەزان...هتـد/). دانیشـتوانی ئەم گەڕەکانەش پتر سـونە مەزهەبـــن و لە ئەکســـێنتی زمـــانی کوردیی/شـــێوەزاری سلێمانییەوە نزیکن.

ئاشکرایە لەناو فەرهەنگدا بۆ هەر لێکسیمێک دەروازەی زانیاریی تەواو و ورد تۆمارکراوە، کە تیایدا جەخت لە زانیاریی زمانیی دەکاتەوە (محەمەدی مەحوبی: ٢٠٠٦ :٩). بەو واتایە، جیاوازیی زمانیی شێوە ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقیی لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاست، لە پێکهاتووەکانی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس)دا، بە ڕونی بەرجەستەدەکرێت، بۆیە هەوڵدەدەین لەڕێگای زانیاریی زمانیی و ئامێری مۆبایل بەو ئەنجامە بگەین، کە ئەو ئامێرە وەکو کەرەستەیەک لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا کاریگەریی لەسەر ئاخاوتنی شێوەزارەکە دەبێت، یاخود نەخێر.

(٢-١-٣) نواندنی فۆنۆلۆژیی

پێـــــڕەوی فۆنۆلـــــۆژیی هەر (زمان/شـــــێوەزار)ێک، پەســـــەندکردنی پێـــــڕەوی دەنگەکـــــان و چەشـــــن و خســـتنەتەکیەکیانەوە بەژمـــارەیەک دەســـتور و یاســـای دیـاریکراو کاردەکـات. نوانـدنی فـۆنەتیکیی فۆنێمەکـان، وابەســـتەی ئەو مەرج و کوتەبەنـــدانەن، کە لە نوانـــدنی فۆنۆلـۆژیی پەیڕەوکردنیـان خـورتییە (سـازان زاهیر سـەعید: ٢٠١٩، ٩). زانیـاریی فۆنۆلـۆژیی و واتاییەکان لای ئاخێوەری هەمو زمانێک، لە زمانی زگماکیی دایکێەوە وەردیەگرێت.

لەم ڕووەوە، هەنـدێک لەو وشـە و مـۆرفێمە ڕێزمانیـانە نیشـاندەدرێن، کە لە پێکهـاتوی مۆرفۆلۆژیـدا یەکەیەکی فەرهەنگـــین و لە ئاخـــاوتنی ڕۆژانەدا بەکـــاردەهێنرێن. مۆرفێمە ڕێزمانییەکان بەتەنها هیچ واتایەکیان نییە، بەڵکو لە لە چێـوەی فرێـز و ڕسـتەدا واتاکانیـان دەردەکەوێـت، سـەرەڕای ئەوانەش لە ڕوی فـۆنەتیکییەوە تایبەتمەنـدییان هەیە، وەک:

| شـــــێوەزاری خـــــانەقی | دیـــــالێکتی ناوەڕاست/سلێمانیی |
|---|---|
| ١_ا)- [ئیمە ʔ̃ . mə ] | [_ئێمە ʔ̃e. mə] |
| ب) - [ئیوە ʔ̃ . wə ] | [_ئێوە ʔ̃ . wə] |

داتاکـانی سـەرەوە ئەوە نیشـاندەدەن، کە لەشـێوەزری خانەقیـدا، جێنـاوی لکاوی کەسـی دوهەم و سـێهەمی کۆ، لەنواندنی فۆنەتیکیدا دەنگی [ی -i] ی ̃ لە شێوەزارەکەدا بەرجەسـتەدەکرێت. بەو واتـایە، گۆڕانکـاریی فـۆنەتیکی بەسـەردا دەنگی [ی -i] ̃دا هـاتووە، ئەویش گۆڕینی برگەیی [i] گۆڕدراوە بـۆ [ێ -i] ̃ ئەمیش پێـواژۆیەکی فۆنەتیکییە و لەزانسـتی زمانـدا بەئەلۆفـۆنی ئازاد ناسـراوە،

چونکە ئەو گۆڕانکارییە نەبووەتە هۆی گۆڕینی واتا (دڵشاد محمد غریب: ٢٠٠٩، ١٠٠).

شێوەزاری خانەقی ــــــ دیالێکتی ناوەڕاست/سلێمانی

---

٢_ [ـەگە ə̃gə̃] ~ [ـەکە ə̃kə̃]

نموونەی دوهەم ئەوە دەسەلمێنێت، کە مۆرفێمی دیاریکەری، لە نواندنی فۆنەتیکیدا بە [ə̃gə̃ -] بەرجەستەدەکرێت. بەو واتایە، مۆرفێمی /ـەکە ə̃kə̃ ~/ مۆرفێمێکی فەرهەنگییە، تەنها ئەوە نەبێت، لەشێوەزارەکەدا هەندێک گۆڕانکاری فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە، ئەویش گۆڕینی دەنگی [k] لە [–دەنگدەرەوە] گۆڕدراوە بۆ [g] [+ دەنگدەر ] ئەمیش پێواژۆیەکی فۆنەتیکییە و وەکو وتمان بەئەلۆفۆنی ئازاد ناسراوە، چونکە ئەو گۆڕانکارییە نەبووەتە هۆی گۆڕینی واتا.

(٢-١-٤) نواندنی مۆرفۆلۆژی

مۆرفۆلۆژی پێکهاتویەکی ناو ڕێزمانە، جگە لە وشە و دروستکردنی وشەی نوێ بۆ واتای نوێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگای پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانەوە زانیارییە واتاییەکانی فۆرمەکان پۆلێن و ورد دەکاتەوە.

زانیارییە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە مۆرفۆلۆژی واتاوە، لە ئاوەزی ئاخیوەرەکاندا بەهۆی توخمە پێکهێنەرەکانی ناو فەرهەنگەوە هەڵگیراون(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف: ٢٠٢٠، ٢٧).

ئاشکرایە، دیالێکتەکانی هەر زمانێک هەندیک جیاوازی فەرهەنگی (Lexical Word) لە نێوانیاندا بەرچاودەکەوێت، بەو واتایە، هەندێک فۆرمی فەرهەنگی جیاواز لە شێوەزارێکدا بەرجەستەدەکرێت، وەک:

شێوەزاری خانەقی ــــــ دیالێکتی ناوەڕاست/سلێمانی

---

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١_/دوێت/ | [dwet] | /کچ/ | [kɨʧ] |
| ٢_/داڵگ/ | [daKg] | /دایک/ | [dayk] |
| ٣_/چەو/ | [ʧəw] | /چاو/ | [ʧaw] |
| ٤_/وەفر/ | [wər] | /بەفر/ | [bər] |
| ٥_/ئەرا/ | [ʔra] | /بۆ/ | [bo] |

.....هتد.

زانیارییەکانی (١-٥) دەریدەخەن، کە فۆرمەکانی(/دوێت، داڵگ، چەو، وەفر، ئەرا/) لە ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقیدا بەکاردەهێنرێن، هەروەها هەمبەر ئەو یەکە فەرهەنگییانە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، وشەکانی(/کچ، دایک، چاو، بەفر، بۆ/) بەرجەستەدەکرێن. دەکرێت ئەو جیاوازیانە، وەکو بنەمایەک بۆ دیاریکردنی سنوری جوگرافیی زارێک، یاخود شێوەزارێک دابنرێت.

(٢-١-٥) نواندنی سینتاکسی

سینتاکسیش پێکهاتویەکی ناو ڕێزمانە، لە ڕێی تەرز یاساکانییەوە خۆی بە خستنەتەکیەک و خستنەپاڵی فرێزو گرێکرنە سینتاکسییەکانەوە خەریکدەکات. بەو واتایە، وشەکان لەیەک دەدرێن بۆ دارشتنی فرێز. فرێزیش یەکەیەکە لە کەرەستە، یاخود دروستەیەکە لە سینتاکسدا، وەکو فۆرمێکی گۆڕاوی زانیاری فەرهەنگی خۆی دەنوێنێت. هەر لە ڕێگای فرێزەکانەوە ڕستە دروست دەبێت. مۆرفێمە ڕێزمانییەکان لە پێکهاتوی ڕستەدا پەیدا دەبن و پەیوەندیی نێوان وشەکانی ڕستە نیشاندەدەن، ئەو کەرەستانە لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر جیاواز بن. لەئاخاوتنی شێوەزاری خانەقین ڕێکەوتن بەپێی تاف و کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ ناگۆڕێت بەزۆری ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کرداردایە، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەک دەستە جێناوی لکاو ئەرکی ڕێکەوتن ببێنێت.هەروەها ئاخێوەرانی شێوەزارەکە ئازادانە لە ڕێگای پێکهاتوی سینتاکسی تایبەتیەوە، بەدەر لە ڕیزبونە گشتییەکە کەرستەکان ڕیزدەکات، وەک:

یەکەم_ تافی ڕابوردوو:

١_ا) باوگم چوی ئەرای بەغدا ~ باوگم ئەرای بەغدا چوی.

ب_)-کچەیل هاتن ئەرای ماڵمان ~ کچەیل ئەرای ماڵمان هاتن.

نمونەکانی (١_ا، ب)دا، ئەوە دەردەبڕن، کە لە ڕوی سینتاکسییەوە فرێزە تەکخراوەکان، نواندنێکی باو و لە شێوەزارەکەدا ڕۆیشتووە کەرەستەکانی ڕەستەکان (بکەر + بەرکار + کردار) لە ڕیزبونە گشتییەکە لایداوە.

دووەم_ تافی ڕانەبوردوو:

٢_ا) باوگم چت ئەرای بەغدا ~ باوگم ئەرای بەغدا چت.

ب_)-کچەیل تین ئەرای ماڵمان ˜ کچەیل ئەرای ماڵمان تین.

بەهەمان شێوە، لە نمونەکانی (٢_ا، ب)دا، ئەوە دەردەخەن، کە لە ڕوی سینتاکسییەوە فرێزە تەکخراوەکان، نواندنێکی باو و لە شێوەزارەکەدا ڕۆیشتووە، کەرەستەی ڕەستەکان، لە (بکەر + کردار + بەرکار) پێکهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئاماژە بەئەوەیش بکرێت، لە شێوە زارەکەدا هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژیی نییە، تاقی ڕابوردوو لە تاقی داهاتوو جودا بکاتەوە(دڵشاد محمد غريب: ٢٠١٤، ١٤٣) ، وەک:

ناوی کرداریی قەد ڕەگ جێناوی ڕیکەوتن ڕابوردوو داهاتوو

بردن برد بر م بردم بەم خەفتن خەفت

خەف م خەفتم خەفم چوین چوی

چو م چویم چم ... هتد.

نمونەکانی سەرەوە، ئەوە نیشاندەدەن، کە هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژیی نییە تاقی ڕابوردوو لە تاقی داهاتوو جودا بکاتەوە، ئەمیش تایبەتمەندییەکی دیکەیەی شێوەزارەکەیە.

ئەم باسە بۆ لایەنی تیۆریی تایبەت کرابوو، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە ڕاستییە بکەین، کە زانیارییە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس)ەوە، لە ئاوەزی ئاخێوەرەکاندا بەهۆی فۆرمە پێکهێنەرەکانی ناو فەرهەنگی شێوەزارەکەوە هەڵگیراون. بەو واتایە، ئەو زانیارییانە بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە بکرێنە بنەمایەک بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخێوەرانی شێوەزارەکە لە پەیوەندیی تەلەفۆنیدا، تا چی ڕادەیەک پابەندی ئاخاوتنی شێوەزارەکەیانن.

پێشتر ئەوە نیشاندرا، کە لەشێوەزارەکەدا جیاوازیی فەرهەنگیی، فۆنەتیکیی...هتد. بەرجەستەدەکرێت. بۆیە لە تەوەری دووەمی باسەکەدا، هەندێک زانیاریی تایبەت بە ئامێری مۆبایل دەخرێتەڕوو.

(٢-٢) مۆبایل وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن

(٢-٢-١) مێژووی دەرکەوتنی مۆبایل:

مێژووی دەرکەوتنی مۆبایل دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٧ز) کاتێك کۆمپانیای (لۆست تەکنۆلۆجیز) لە کارگەکەی لە (نیوجێرسی) دەستیکرد بە تاقیکردەوە، هەرچەند داهێنانی ئەم ئامێرە دەگەڕێتەوە بۆ (مارتن کۆپر) کەتوێژەر بوو لە کۆمپانیای (مۆتورۆلا) بۆ پەیوەندییەکان لە (شیکاگۆ)، یەکەمین پەیوەندیش لەڕێگەی مۆبایلەوە کۆپر لە (٣ی نیسانی ١٩٧٣ز) لە نیویۆرك ئەنجامیدا (أقدس صفاءالدين رشيد و أمال عبدالجبار حسوني: ٢٠١٧، ١٢٦). ئەو ئامێرەی مارتن کۆپر دروستیکرد ناویلێنرا (DynaTAC) کە کێشی کیلۆگرامێك بوو، دوای چوارجار هەوڵدانی کۆپەر و تیمەکەی توانیان کێشی (DynaTAC) بۆ (٥٠٠کگم) کیلۆگرام کەمبکەنەوە (موقع جريدة البيان: ٢٠٢٠/٢/١٢).

لە ساڵی (١٩٩٦) کۆمپانیای مۆتۆرۆلا مۆبایلی جۆری (مۆتۆرۆلا ستارتاك)ی خستە بازاڕەوە کە بە سەرەتای دەرکەوتنی مۆبایلی قەبارە بچوك دادەنرێت، دواتر هەریەکە لە کۆمپانیاکانی (گۆگڵ، ئەپڵ و سامسۆنگ) هاتنە نێو بواری پیشەسازی مۆبایلەوە و لەئێستادا کێبڕکێیەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، (ستیڤ جۆبز) ئەندازیار و خاوەنی کۆمپانیای (ئەپڵ) توانی بۆ یەکەمجار سیستەمێك بۆ مۆبایل دابنێت کە بە بەرکەوتنی پەنجەکانی دەست کار بە مۆبایل بکرێت (سناء يوسف محمد: ٢٠١٨، ٧٢). لەگەڵ پەرەسەندنەکانی تەکنۆلۆجیادا، پیشەسازی مۆبایلیش چووەتە قۆناغێکی دیکەوە و بازدانێکی گەورەی لەبواری گەشەکردن و نوێگەری لە دروستکردنی ئامێرەکە بینیوە کە پێیدەوترێت مۆبایلی زیرەك (Smart Phone)، مۆبایلی لە ئامرازێکی پەیوەندی دەنگییەوە گۆڕیوە و ئێستا وەك ئامێری کۆمپیوتەر و وەرگرتنی نامەی دەنگ و ڕەنگ و کردنەوەی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت و تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن و خزمەتگوزارییەکانی دیکە بەکاردێت، ئەمەش پەیوەستە بەو داهێنانانەی کۆمپانیا بەناوبانگەکان لە بواری مۆبایلی زیرەکدا ئەنجامیدەدەن(محمد القضاة: ٢٠١٠، ٦٢٩). بوونی ئەو خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرانە لە مۆبایلدا، دیاردەی بەکارهێنانی لەسەر ئاستی جیهان فراوان کردووە و ئەوەش پەیوەندی بە ژینگەی ئامێرەکەوە هەیە، کە تاك یاخود بەکارهێنەر بە تۆڕێکی فراوانەوە دەبەستێتەوە و زانیارییەکی زۆر هەڵدەگرێت (خەزن) دەکات، بەشێوەیەك

بووەتە کۆمپیوتەرێکی تاکەکەسی بۆ خاوەنەکانی(محمد القضاة: ٢٠١٠، ٦٣٠).

لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٢) رێژەی بەکارهێنەرانی مۆبایل لە سەرانسەری جیهان لە کەمتر لە ملیارێکەوە بۆ شەش ملیار بەکارهێنەر بەرزبووەوە، خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل بە یەکێك لە خێراترین تەکنیکە بەربڵاوەکان بەدرێژایی سەدەکان دادەنرێت، هێڵی تەلەفۆن (١٢٨) ساڵی خایاند تاوەکو گەیشتە ملیارێك بەکارهێنەر، بەڵام تۆڕەکانی پەیوەندی بێتەل (مۆبایل) بە کەمتر لە (٢٠) ساڵ گەیشتە شەش ملیار بەکارهێنەر، بەپێی راپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتی لە بارەی سودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان لەپێناو گەشەپێداندا، ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایل و بەکارهێنانەکانی رۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لە رەخساندنی هەلی کار و رێکخستنی کارکردنی ئازاد و ئاڵنگارییە سیاسییەکان(تقرير من البنك الدولي: ٢٠١٢،٤).

لەمرۆدا، مۆبایل پاڵپشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و هاندەریشە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵك، سەرباری دوری مەوداکان کاریگەریش لەسەر نزیککردنەوەی ئەو مەودایە لەنێوان تاکەکان دادەنێت، ئەو رۆڵە و کاریگەرییەی کە مۆبایل لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا دەیگێرێت لە ژیانی تاکەکاندا و هاوشێوەی پێداویستییەکانی دیکەی وەك ئۆتۆمبیل و خانوو بووەتە بەشێك لە پێداویستییەکانی تاك، لە زۆرینەی وڵاتاندا بە ئامانجی رێکخستنی کاروباری پەیوەندیکردن لەرێگەی ئەم ئامێرە بێتەلەوە یاسای تایبەت دانراوە(زكية أبو الحسن الهاشمي: ٢٠٠٨، ١٠١). لەعێراقیشدا لەپاش رووخانی رژێمی سەدام حسێن لە ساڵی (٢٠٠٣) و دامەزراندن و بڵاوبوونەوەی مۆبایل، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا ئەنجومەنی حوکم بەپێی یاسای ژمارە (٦٤) کۆمسیۆنی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی عێراقی دامەزراند، کە کاری رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردنە(موقع المفوضية العراقية للإتصالات والإعلام: ٢٠٢٠/٣/٢٠). لەپاش بڵاوبوونەوەی مۆبایل و زیادبوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ رێکخستنی ئەو پەیوەندییە، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوێنراوە و لە ئێستادا بەرکارە، کە تایبەتە بە بەکارهێنەرانی مۆبایل(موقع المفوضية العراقية للإتصالات والإعلام: ٢٠٢٠/٣/٢٠).

(٢-٢-٢) دەرکەوتنی مۆبایل لە عێراق وهەرێمی کوردستان:

سەبارەت بە دەرکەوتن و گەشەکردنی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان و عێراق، یەکەمین دامەزراندنی کۆمپانیای مۆبایل لەسەرانسەری عێراقدا، لە هەرێمی کوردستاندابوو، بەڵام مێژووی یەکەمین کۆمپانیای پەیوەندیکردن یەکلایینەکراوەتەوە لە نێوان کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (سانا تێل)، هەریەك لەو دوو کۆمپانیایە خۆیان بە پێشەنگ دەزانن، لەئێستاشدا سێ کۆمپانیای گەورەی پەیوەندیکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە و ملیۆنان هاوبەشیان هەیە ئەوانیش کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل، کۆرەك تیلیکۆم و زین عێراق)ە.

کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، دابینکەری سەرەکی خزمەتگوزاریی کواڵیتی مۆبایل و ئینتەرنێتە لە سەرتاسەری عێراقدا و ژمارەی بەشداربوانی گەیشتوەتە (١٤) ملیۆن، ئاسیاسێڵ یەکەم کۆمپانیای خزمەتگوزاریی مۆبایلیش بوو کە تۆڕەکەی هەموو بەشەکانی عێراق دابپۆشێت وخزمەتگوزایەکانی هەر (١٩) پارێزگاکەی عێراق بگرێتەوە (ماڵپەڕی فەرمی کۆمپانیای ئاسیا سێڵ: ٢٠٢٠/٣/١٥). هەرچی کۆمپانیای کۆرەك تیلیکۆمە لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لە باکووری عێراقدا دەستی بە پێشەکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کرد، کە پێشەنگترین کۆمپانیای گەیاندن بوو، لە ساڵی (٢٠٠٧) کۆرەك یەکێك بوو لەو سێ کۆمپانیایەی کە مۆڵەتی کارکردنی لە سەرانسەری عێراق پێدرا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل و لە ئێستادا خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە زیاتر لە (٣٢) ملیۆن کەس دەکات لە سەرانسەری وڵاتدا(ماڵپەڕی فەرمی کۆمپانیای کۆرەك تیلیکۆم: ٢٠٢٠/٣/١٥). کۆمپانیای زێن عێراق، یەکێکە لە گروپی کۆمپانیای زێن ی پێشەنگ لە بواری خزمەتگوزاری پەیوەندیی و زانیاری گوازراوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا (ماڵپەڕی فەرمی کۆمپانیای زێن: ٢٠٢٠/٣/١٦). بەپێی راپۆرتێکی فەرمی حکومەتی عێراق، ژمارەی بەکارهێنەر و هاوبەشی

کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل، کۆرەك تیلیکۆم و زێن عێراق) لە ساڵی (٢٠١٢)دا (٢٩،٧٦٣،٨٨٠) هاوبەشبووە، لە ساڵی (٢٠١٧)دا بووەتە (٤٠،٠٠١،٧٢٣) هاوبەش، کە بەپێی هەمان راپۆرت لەو ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە (٣٧،١٣٩،٥١٩) کەس بووە (جمهورية العراق/ وزارة التخطيط – الجهاز المركزي للإحصاء: ٢٠١٨، ١٢).

(٢-٢-٣) پێناسەی مۆبایل:

مۆبایلیش هاوشێوەی زۆرینەی ئامێرەکانی دیکە لەلایەن پسپۆڕان و توێژەرانەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام ئەو پێناسە جیاوازانە هیچ لە گرنگی و بایەخی ئەم ئامێرە کەمناکەنەوە کە یەکێکە لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن کە پشت دەبەستێت بە پەیوەندی بێتەل لەرێگەی تۆڕ و بورجەکانی پەخشەوە کە بەشێوەیەکی دیاریکراو بڵاودەبنەوە لە ناوچەیەی جوگرافی دیاریکراودا (أقدس صفاءالدين رشيد و آمال عبدالجبار حسوني: ٢٠١٧، ١٢٦).

مۆبایل، خزمەتگوزارییەکی گرنگ و پێویست پێشکەشدەکات کە خۆی لە پەیوەندی خێرا دەبینێتەوە، هەروەك چۆن بە یەکێك لە ئامرازەکانی پەیوەندی خێرا و نوێ دادەنرێت، کە خەڵکی لە هەرکوێی جیهاندا بێت پەیوەندی نێوانیانی ئاسانکردووە (أقدس صفاءالدين رشيد و أمال عبدالجبار حسوني: ٢٠١٧، ١٢٧).

مۆبایل، ئامێرێکی ئەلیکترۆنیی دوور مەودای گەرۆکە، لەرێگەی تۆڕەکانی بێتەلەوە بۆ پەیوەندییە دەنگییەکان و ئاڵۆگۆڕکردنی داتا و زانیارییەکان بەکاردێت (IGI Global Publisher of Timely KNOWLEDGE: ١٧/٣/٢٠٢٠).

(٢-٢-٤) خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل:

مۆبایل، یاخود ئامێری بێتەل رێگە بە بەکارهێنەران دەدات پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجامبدەن و پەیوەندیش وەربگرن، لەگەڵ ناردنی نامە و وەرگرتنی، لەئێستاشدا مۆبایل تایبەتمەندیی جۆراجۆری هەیە کە لەرابردوودا بوونی نەبووە، لەوانە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و کامێرا و کارپێکردنی ڤیدیۆ و یاریکردن و ژمێرەر و تۆمارکردنی دەنگ و چەندان تایبەتمەندیتر (Site of Techopedia: ١٨/٣/٢٠٢٠)، بۆیە دەبینین مۆبایل بەهۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی خزمەتگوزاریی و ئەپڵیکەیشنەکانییەوە، ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنەری لە سەرانسەری جیهاندا هەیە، لێرەدا گرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانە دەخەینەڕوو: (إلهام نوادري و عبلة بوبكر: ٢٠١٨، ٦٥).

یەکەم/ خزمەتگوزارەی کورتەنامە (SMS): لەرێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە بەکارهێنەر سودمەند دەبێت لە دیاریکردنی وادە و ئاگاداربوونی زۆرترین ریکلامەکان و داشکاندنەکان، هەورەها هەواڵپرسین و زانیاری گۆڕینەوە، لێرەدا بەکارهێنەر لە (١٦٠) وشە زیاتر ناتوانێت بنێرێت.

دووەم/ خزمەتگوزاری بلۆتۆس (Bluetooth): لەرێگەیەوە دەتوانرێت ئامێرێك ببەسترێتەوە بە ئامێرێکی پەیوەندیکردن یاخود زیاتر لە نێوان مرۆڤەکاندا، ئەم خزمەتگوزارییە لەسەر شەپۆلە کورتەکانی رادیۆ لەمەودای کەمتر لە (١٠)مەتردا کاردەکات، هەروەك بلۆتۆس دەتوانێت لە یەککاتدا بگات بە هەشت ئامێری جیاواز.

سێیەم/ خزمەتگوزاری واپ (Wap): ژمارەیەك کۆمپانیای بواری ئامێرەکانی پەیوەندی بێتەل بوونە هۆی گەشەکردنی ئەم تۆڕە، کە لەئێستادا گۆڕاوە بۆ پرۆتۆکۆلی پێوانەیی بۆ گەیشتن بە ناوەڕۆکی ئەنتەرنێت و گواستنەوەی بۆ مۆبایلە زیرەکەکان.

چوارەم/ خزمەتگوزاری کاتبەسەربردن (یاریکردن): سەرباری بوونی چەندین یاری جۆراجۆر بە ئامانجەی کاتبەسەربردنی بەکارهێنەر، هاوکات ژمارەیەك یاری زانستیی لەخۆدەگرێت کە توانا و لێهاتویی بەکارهێنەر لە رووی زانستییەوە گەشەپێدەدات.

پێنجەم/ خزمەتگوزاری دەنگ و ڕەنگ: یەکێکیترە لە خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل، کۆمپانیاکانی مۆبایل بە جێگیرکردنی کامێرای ئاستبەرزی وێنەگرتن و تۆمارکردنی ڤیدیۆیی، رکابەرییەکی بەهێزی یەکتر دەکەن و بەکارهێنەران و رۆژنامەنووسانیش سود لەم خزمەتگوزارییە دەبینن، رۆژنامەنووسان چەندین راپۆرتی میدیایی و وێنەی رۆژنامەنووسیی لەرێگەی مۆبایلەوە ئامادە دەکەن.

شەشەم/ خزمەتگوزاری ئەپڵیکەیشنەکانی تایبەت بە مۆبایلی زیرەك: ئەو پرۆگرامە ئەلیکترۆنیانەیە کە لەناو یادگەی مۆبایلدا جێگیردەبن و چەند ئەرکێك ئەنجامدەدەن: چوونەنێو پێگە ئەلیکترۆنییەکان، یان ئاگاداربوون لە بارەی شوێنی مۆبایل.

بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرانەوە ئێستا مۆبایل تەنیا بریتی نییە لە ئامێری پەیوەندیکردن بەتەنیا، بەڵکو لەیەککاتدا تەلەفۆن و تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە و ژمێرەر و کێتبخانە و کارتی دڵنیایی..تاد.

(٢-٢-٥) بوارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل:

مۆبایل بەهۆی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی لە چەند بوارێکی جیاواز لەنێو زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەکاردەهێنرێت، دیارترینیان: (إلهام نوادري و عبلة بوبكر: ٢٠١٨، ٧٦).

١- بواری کۆمەڵایەتی
٢- بواری سەربازیی و ئاسایش
٣- بواری بازرگانی
٤- بواری پەروەردە و فێرکردن
٥- بواری راگەیاندن

(٢-٢-٦) بەکارهێنانی مۆبایل وەك ئامرازێکی میدیایی:

لەم چەند ساڵەی دواییدا و لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەکردنی ئامێرەکانی مۆبایل، مۆبایل لە ئامرازێکی پەیوەندیکردنەوە گۆڕی بۆ ئامرازی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی هەواڵ و زانیارییەکان و، ناوەڕۆکی سەرجەم کار و بەرهەمەکانی رۆژنامەنووسیی بەهەموو جۆرەکانییەوە (نوسراو، بینراو و بیستراو)، هەر لەنێو مۆبایلەکاندا کەناڵ و دامەزراوە گەورەکانی راگەیاندن بوونی هەیە لەوانە ئاژانسی رویتەرز و بی بی سی و سی ئێن ئێن، بەکارهێنەری مۆبایل دەتوانێت لەرێگەی مۆبایلەکەیەوە تەماشای پەخشی راستەوخۆی ئەو کەناڵانە بکات(سناء يوسف محمد: ٢٠١٨،٩٠). جگەلەوەش مۆبایل بەچەمکێکی نوێ چووە نێو زانستی راگەیاندن و رۆژنامەنووسییەوە ئەویش چەمکی (رۆژنامەنووسیی مۆبایل - mobile journalism)ە، کە بەمەست لێی پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و بڵاوکردنەوەیەتی بە بەکارهێنانی ئامێری مۆبایلی زیرەك، کە ئاراستەیەکی نوێیە لە روماڵکردنی هەواڵ و گواستنەوەی زانیارییەکاندا، چونکە (تێچووی کەمترە، ئاسانە لە گواستنەوە، پارێزراوترە، دەتوانرێت بە تەکنولۆژیای (٤K) ڤیدیۆ تۆمار بکات، پەخشی راستەوخۆی هەیە و خێرایە لە بڵاوکردنەوە (ديانا لاريا و منتصر مرعي: ٢٠١٦، ٢). سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی مۆبایل بۆ پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣، کاتێك بەشێك لە رووداوەکان لەرێگەی مۆبایلەوە تۆمارکران و لە رۆژنامە و کەناڵە میدیاییەکاندا بڵاوکرانەوە (site of Reuters institute: ١٧/٣/٢٠٢٠). دواتر بەمەبەستی زیاتر سودوەرگرتن لە ئامێری مۆبایل لەبواری راگەیاندندا، ئاژانسی هەواڵی رویتەرز گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای نۆکیا کە تایبەتە بە دروستکردنی مۆبایل ئیمزاکرد، بۆ گەشەپێدانی جۆرێك لە مۆبایلەکانی بە تایبەتمەندی مایکرۆفۆنی ئاست بەرز و تایبەتمەندی بلوتۆس، تاوەکو لەبواری تۆمارکردنی دەنگ و چاوپێکەوتنی هەواڵیدا سوودی لێببینن (سعد ابراهيم، حيدر أحمد حسين: ٢٠١٩، ١٢٥).

باسی سێیەم: لایەنی کارەکی توێژینەوە

دوای دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە لەسەر بەرتوێژان (المبحوثين) و بەژمارەکردنی وەڵامەکانیان، لە چەند خشتەیەکداو بە پێی ریزبەندیی‌و تایبەتمەندیی بڕگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسیەکە، ئەنجامەکان لەچێوەی هەریەك لە (دوبارەبونەوە، رێژەی سەدیی، پلەبەندیی) دەخرێنەڕو، دواتریش توێژەران شرۆڤەی زانستییانە بۆ ئەو ئەنجامانە دەکەن:

(٣-١) تەوەری یەکەم: زانیاریە تایبەتەکان

(٣-١-١) ڕەگەز، تەمەن، باری خێزان و ئاستی خوێندن:(***)

لەڕێگەی ئەنجامەکانەوە ڕووندەبێتەوە، زۆربەی بەرتوێژەکان لە ڕەگەزی (نێر)ن‌و پلەی یەکەمیان گرتووە، ئەوانیتریش (مێ)ن‌و لە پلەی دووەم هاتون. هەروەها زۆربەی بەرتوێژەکان تەمەنیان لەنێوان( ٢١- کەمتر لە٣٠ ساڵ)ن و هەرچی ڕەگەزی بەرتوێژانیشە بۆ هەردوو ڕەگەز بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٥٠%) هاتون و ئاستی خوێندنیشیان بە پلەی یەکەم (بەکالۆریۆس)ە. بڕوانە خشتەی (١).

خشتەی (١)

ڕەگەز، تەمەن، باری خێزان و ئاستی خوێندنی بەرتوێژانی توێژینەوەکە

| برگە | | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٤١ | ٦٢.١ | یەکەم |
| | مێ | ٢٥ | ٣٧.٩ | دووەم |
| تەمەن | کەمتر لە ٢١ ساڵ | ٥ | ٧.٦ | چوارەم |
| | ٢١ – کەمتر لە ٣٠ ساڵ | ٢٧ | ٤٠.٩ | یەکەم |
| | ٣٠ – کەمتر لە ٤٠ ساڵ | ١٧ | ٢٥.٨ | دووەم |
| | ٤٠ – کەمتر لە ٥٠ ساڵ | ١١ | ١٦.٧ | سێیەم |
| | ٥٠ – کەمتر لە ٦٠ ساڵ | ٣ | ٤.٥ | پێنجەم |
| | ٦٠ ساڵ و بەرەو سەرەوە | ٥ | ٧.٦ | چوارەم |
| باری خێزان | سەڵت | ٥٠ | ٣٣ | یەکەم |
| | خێزاندار | ٥٠ | ٣٣ | یەکەم |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| | سەرەتایی | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| | ناوەندی | ١ | ١.٥ | چوارەم |
| | ئامادەیی | ٨ | ١٢.١ | سێیەم |
| | بەکالۆریۆس | ٣٨ | ٥٧.٦ | یەکەم |
| | ماستەر | ٩ | ١٣.٦ | دووەم |
| | دکتۆرا | ٨ | ١٢.١ | سێیەم |

(٣-٢) تەوەری دووەم: بەکارهێنانی مۆبایل لە ژیانی ڕۆژانەدا.

(٣-٢-١) بەکارهێنانی مۆبایل

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا (زۆرجار) مۆبایل بۆ کاری پەیوەندیکردنی ڕۆژانە بەکاردەهێنن و پلەی دووەمیش (هەندێکجار) و پلەی سێیەمیش (بەدەگمەن) مۆبایل لەکاروباری ڕۆژانەیان بەکاردەهێنن. بڕوانە خشتەی (٢).

ئەو ئەنجامەش تەبایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (محمد القضاة:٢٠١٠، ٢٥٥) کە گەنجانی وڵاتی قەتەر بەپلەی یەکەم و بەڕێژەیەکی بەرز مۆبایل بۆ بواری پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن و (٤١%)یان زیاتر لەئامێرێکی مۆبایلیان هەیە.

خشتەی (٢)

بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کاری پەیوەندیکردن

| ئایا بۆ کاری پەیوەندی (مۆبایل) بەکاردەهێنیت ؟ | دوبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرجار | ٥٤ | ٨١.٨ | یەکەم |
| هەندێکجار | ١١ | ١٦.٧ | دووەم |
| بەدەگمەن | ١ | ١.٥ | سێیەم |

(٣-٢-٢) ماوەی بەکارهێنانی مۆبایل (تۆڕی کۆمەڵایەتی، نامەگۆڕینەوە).

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا لەپێنج کاتژمێر بۆ سەرەوە ڕۆژانە مۆبایل بۆ کاری جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، لە دواپلەشدا هەریەك لە (کەمتر لەیەك کاتژمێر)و (یەك کاتژمێر- کەمتر لەدوو کاتژمێر) هاتون. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (٣)

ماوەی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کاری جۆراوجۆری ڕۆژانە (تۆڕی کۆمەڵایەتی، نامەگۆڕینەوە)

| ڕۆژانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێر، مۆبایل بۆ کاری جۆراوجۆر بەکاردەهێنیت؟ | دوبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە یەك کاتژمێر. | ٤ | ٦.١ | پێنجەم |
| یەك کاتژمێر – کەمتر لەدوو کاتژمێر. | ٧ | ١٠.٦ | چوارەم |
| دوو کاتژمێر - کەمتر لە سێ کاتژمێر. | ١٠ | ١٥.٢ | سێیەم |
| سێ کاتژمێر – کەمتر لە چوار کاتژمێر. | ١٣ | ١٩.٧ | دووەم |
| چوار کاتژمێر – کەمتر لەپێنج کاتژمێر. | ١٣ | ١٩.٧ | دووەم |
| لەپێنج کاتژمێر بۆ سەرەوە. | ١٩ | ٢٨.٨ | یەکەم |

(٣-٢-٣) ماوەی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کاری قسەکردن.

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم، ڕۆژانە (کەمتر لە ١٠ خولەك) مۆبایل تەنها بۆ کاری قسەکردن بەکاردەهێنن، لەپلەکانی کۆتاییشدا بەدوای یەکدا (٤٠ – ٥٠ خولەك) و (٣٠ – ٤٠ خولەك) هاتون. بڕوانە خشتەی(٤).

خشتەی (٤)

ماوەی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کاری قسەکردن لەڕۆژێکدا.

| ڕۆژانە چەند خولەك مۆبایل تەنها بۆ کاری پەیوەندی (قسەکردن) بەکاردەهێنیت؟ | دوبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١٠ خولەك | ١٩ | ٢٨.٨ | یەکەم |
| ١٠ – کەمتر لە ٢٠ خولەك | ١٨ | ٢٧.٣ | دووەم |
| ٢٠ خولەك – کەمتر لە ٣٠ خولەك | ١٤ | ٢١.٢ | سێیەم |
| ٣٠ خولەك – کەمتر لە ٤٠ خولەك | ٦ | ٩.١ | پێنجەم |
| ٤٠ – کەمتر لە ٥٠ خولەك | ٢ | ٣ | شەشەم |
| ٥٠ خولەك بەرەو سەرەوە | ٧ | ١٠.٦ | چوارەم |

(٣-٢-٤) مەبەستەکانی پشت بەکارهێنانی مۆبایل.(****)

بەرتوێژان بەپلەی یەکەم مۆبایل بۆ (ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە) بەکاردەهێنن، هەروەها کەمترین کەس بەپلەی پێنجەم بۆ کاروباری (بازرگانی و گەشتیاری) مۆبایل لەپەیوەندیەکانیدا بەکاردەهێنێت. بڕوانە خشتەی(٥).

ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی(محمد القضاة: ٢٠١٠، ٢٥٦) لەو ڕووەوە پێچەوانەیە کە بەرتوێژان بەپلەی یەکەم بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوە بۆ بەئاگابونەوە لەخەو مۆبایل بەکاردەهێنن، هەروەها لەوەدا کۆکە کە بەپلەی دوەم بەمەبەستی زانینی شوێنی کەسە نزیکەکانیان و ئاگابون لێیان بەکاردەهێنرێت.

خشتەی (٥)

مەبەستەکانی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کاری پەیوەندیکردن.

| بۆ چ مەبەستێك مۆبایل لەکاری پەیوەندیکردن (تەلەفۆن) بەکاردەهێنیت؟ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆ راپەراندنی کاروباری رۆژانە | ٥١ | ٧٧.٣ | یەکەم |
| بۆ هەواڵپرسین و ئاگاداربون لە کەسوکار و خزم و هاورێیانم | ٣٠ | ٤٥.٥ | دووەم |
| بۆ کاری بازرگانی و گەشتیاری | ٣ | ٤.٥ | پێنجەم |
| بۆ کاروباری خوێندن | ١٨ | ٢٧.٣ | سێیەم |
| بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەهاورێیانم. | ١٤ | ٢١.٢ | چوارەم |

(٣-٢-٥) ئاکامەکانی بەکارهێنانی مۆبایل.(*****)

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەکارهێنانی مۆبایل لەلایان بوەتەهۆی (گەڕاندنەوەی کاتی زۆر و کارئاسانیکردن بۆیان)، هەروەها کەمترین کەسیان و لەپلەی پێنجەمدا، مۆبایل بوەتەهۆی (پەیداکردنی ئاشنایەتی لەلایان لەگەڵ زمانی کەمەنەتەوایەتیەکانی تر). بڕوانە خشتەی(٦).

خشتەی (٦)

ئاکامەکانی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ پەیوەندیکردن

| بەکارهێنانی مۆبایل بۆ پەیوەندیکردن چ ئاکامێکی لای بەڕێزت هەبوە؟ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کاتی زۆری بۆ گەڕاندومەتەوە و کارئاسانی زۆری بۆ کردوم. | ٤٦ | ٦٩.٧ | یەکەم |
| بووەتە مایەی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم لەگەڵ خزمان و کەسوکار و هاورێیان. | ٢٤ | ٣٦.٤ | دووەم |
| وشە و دەستەواژەی نوێی لە بواری زارەکان و زمانی کوردی پێئاشناکردوم. | ١٦ | ٢٤.٢ | چوارەم |
| لەرێگەی پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ زمانی کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە پەیداکردووە. | ١٥ | ٢٢.٧ | پێنجەم |
| بەشێك لەکاتە بەتاڵەکانی پڕکردووەتەوە. | ٢٣ | ٣٤.٨ | سێیەم |

(٣-٣) تەوەری سێیەم: بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لە پەیوەندیی بێتەل (مۆبایل) دا.

(٣-٣-١) زمان و شێوەزار لەپەیوەندی تەلەفۆنیدا.(******)

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەیەکی بەرز، لەپەیوەندیە تەلەفۆنیەکانیاندا (شێوەزاری خانەقین) بەکاردەهێنن و لەپلەی پێنجەم و کۆتاییشدا (زمانی فارسی) بەکاردەهێن و هەرچی بەکارهێنانی زمانی عەرەبیشە پێش زمانی فارسی و تەنانەت شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیش کەوتوە و لەپلەی دووەمدا هاتوە. ئەو ئەنجامانە دەریدەخات کەمۆبایل ئامرازێکی گونجاوە بۆ بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین و هەروەها خانەقینیش بەسروشتی نزیکایەتی لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق تاوەکو ئێستا زیاتر خەڵکەکەی زمانی عەرەبی عێراقی لەپەیوەندیە تەلەفۆنیەکانیان بەکاردەهێنن. بڕوانە خشتەی(٧).

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (یادگار عەلی، هەژار خداداد: ٢٠١٩، ٢٨) لەوەدا کۆك نیە کەئاخێوەرانی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، خۆشحاڵی ئاشنابوون و فێربوونی زاری کرمانجی سەروون، پێشیان باشە جووتزاری (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) لەپێشکەشکردنی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەبێت، تەنانەت ئەو زارە لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکانی تری کەناڵەکان بەکاربهێنرێت، بەڵام ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین لەپەیوەندیە تەلەفۆنیەکانیان لەرێگەی مۆبایل زمانی عەرەبی لەپێش شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی بەکاردەهێنن.

خشتەی (٧)

بەکارهێنانی زمان و شێوەزار لەپەیوەندی تەلەفۆنیدا

| لەپەیوەندی تەلەفۆنیدا چ (زمان، شێوەزار)ێك بەکاردەهێنیت؟ | دوبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| شێوەزاری خانەقین بەکاردەهێنم. | ٥٠ | ٧٥.٨ | یەکەم |
| شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی بەکاردەهێنم. | ٢٥ | ٣٧.٩ | سێیەم |
| زمانی عەرەبی بەکاردەهێنم. | ٣٠ | ٤٥.٥ | دووەم |
| زمانی فارسی بەکاردەهێنم. | ٢ | ٣ | پێنجەم |
| هەمویان بەکاردەهێنم. | ١٣ | ١٩.٧ | چوارەم |

(٣-٣-٢) لایەنە بەشدارەکان لەپەیوەندی تەلەفۆنی بەشێوەزاری خانەقین.(*******)

گرنگترین ئەو لایەنانەی کە شێوەزاری خانەقینی لەگەڵیان بەکاردەهێنرێت بەپلەی یەکەم بریتین لە ناوخۆی خێزان و لەگەڵ کەسوکار، هەروەها لەپلەکانی پێنجەمیشدا بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقینە لەگەڵ (ئاخێوەری شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی) و (ئەو خەڵکانەی بۆ ئیشوکاری جیاجیا ڕوودەکەنە شاری خانەقین). ئەنجامەکان ڕوونیدەکەنەوە شێوەزاری خانەقین زیاتر لەسنوری خێزان و کەسوکار بەکاردەهێنرێت تاوەکو لەگەڵ ئاخێوەری شێوەزارەکانی تر و ئەو خەڵکانەی دیکە کەبەمەبەستی جۆراوجۆر ڕوودەکەنە شارەکە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئەو خەڵکانە وەك پێویست ئاشنای شێوەزارەکە نین. بڕوانە خشتەی(٨).

خشتەی (٨)

ئەو لایەنانەی شێوەزاری خانەقینی لەگەڵ بەکاردەهێنرێت.

| ئەو لایەنانەن کامانەن کەشێوەزاری خانەقین لەگەڵیان بەکاردەهێنیت؟ | دوبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| ئەندامەکانی خێزانم و کەسوکارم.. | ٥٦ | ٨٤.٨ | یەکەم |
| لەگەڵ | ٢٢ | ٣٣.٣ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قوتابییەکانم/ خوێندکارەکانم. | | | |
| لەگەڵ دوکاندار و خاوەن پیشەکان . | ٣٣ | ٥٠ | دووەم |
| لەگەڵ فەرمانبەران. | ٢١ | ٣١.٨ | چوارەم |
| لەگەڵ ئاخێوەری شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی. | ١٦ | ٢٤.٢ | پێنجەم |
| لەگەڵ ئەو خەڵکانەی بۆ ئیشوکاری جیاجیا ڕوودەکەنە شاری خانەقین. | ١٦ | ٢٤.٢ | پێنجەم |
| لەگەڵ هاوپیشەکانم. | ٢١ | ٣١.٨ | چوارەم |

(٣-٣-٣) ڕۆڵی پەیوەندی تەلەفۆنی لەخزمەتی شێوەزاری خانەقیندا.

بەگوێرەی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەیان گرتوە، پێیانوایە (بەڵێ) پەیوەندیی تەلەفۆنی لەڕێگەی مۆبایلەوە، ڕۆڵی گرنگی لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردن و بەزیندوهێشتنەوەی شێوەزاری خانەقین بینیوە و بەهەمان ڕێژەش و بەشێك لەبەرتوێژان کەدیسان لەپلەی یەکەمدان وایدەبینن (تاڕادەیەك) ئامێری پەیوەندی تەلەفۆنی ئەو ڕۆڵەی بینیوە، لەپلەی دووەمیشدا، بەڕێژەیەکی ئێجگار کەم لەبەرتوێژان وایدەبینن مۆبایل نەیتوانیوە ڕۆڵ لەگەشەپێدان و دەوڵەمەندکردن و بەزیندوهێشتنەوەی شێوەزاری خانەقین ببینێت. ئەو ئەنجامانە ئاماژەن بۆ ئەوەی مۆبایل دەتوانێت خزمەتی گەورە بەشێوەزار بکات. بڕوانە خشتەی(٩).

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا لەگەڵ توێژینەوەکەی (یادگار عەلی، هەژار خداداد:٢٠١٩، ٢٨)یەکدەگرێتەوە، کە ئاخێوەرانی شێوەزاری ناوەڕاستی زمانی کوردیش پێیانوایە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بونەتەهۆی ئەوەی لەو پەیامانە تێدەگەن کە بەو زارە ئاراستەیان دەکرێت، هەروەك دەتوانن نووسین بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێننەوە و لەوڕێگەیەوە واتای بەشێك لە وشە فەرهەنگیەکانیش فێربوون.

خشتەی (٩)

ڕۆڵی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەشەپێدان و دەوڵەمەندکردن و زیندووهێشتنەوەی شێوەزاری خانەقین

| بە بۆچونی بەڕێزت، پەیوەندیی تەلەفۆنی لەڕێگەی مۆبایلەوە، ڕۆڵی گرنگی لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردن و بەزیندوهێشتنەوەی شێوەزاری خانەقین بینیوە؟ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٢ | ٤٨.٥ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ٣٢ | ٤٨.٥ | یەکەم |
| نەخێر | ٢ | ٣ | دووەم |

(٣-٣-٤) پاڵنەرەکانی پشت بەکارهێنانی مۆبایل.(********)

ئەنجامەکان دەریدەخەن، لای زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان گرتوە، (پاڵنەری مەعریفی – ناسەوانی: بۆ بەهێزکردنی لایەنی مەعریفی) لەسەرو هەمو پاڵنەرە دەرونی کۆمەڵایەتیەکانی ترەوەیە بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لە ئاخەوتندا، هەروەها هەریەك لەپاڵنەرەکانی دیکە وەك (پاڵنەری زمان: بۆ گرنگیدان بەشێوەزاری خانەقین)، (پاڵنەری ناوچەیی: جۆریکە لە شانازیکردن بە ناوچەکەمەوە) و (پاڵنەری خۆشی بەخشین: بۆ چێژوەرگرتن و کاتبەسەربردن) لەپلەی دووەمدا دێن. لەپاڵ پاڵنەری مەعریفی، پاڵنەری گرنگیدان بەشێوەزار و

ناوچەییش گرنگن لەبەکارهێنانی مۆبایل لەکاری پەیوەندیکردندا. بڕوانە خشتەی(١٠).

ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکە لەگەڵ توێژینەوەکەی (تسامي رمضان، أنوار عبده: ٢٠١٧، ٢٣١) لەوەدا یەکدەگرێتەوە کە ئاخێوەران بەپلەی یەکەم بۆ بەهێزکردنی لایەنی مەعریفی و وەرگرتنی زانیاری مۆبایل بۆ کاری پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن. لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (زیاد برکات, صائل صبحة: ٢٠١٢، ١٥٦) لەوەدا کۆك نین کە لەو توێژینەوەیەدا پاڵنەری لەبواری کارگێڕی، پێش پاڵنەرە دەروونیی و کۆمەڵایەتیەکان کەوتون.

خشتەی (١٠)

پاڵنەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی مۆبایل

| پاڵنەرە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی بە مۆبایل لای بەڕێزت | دوبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| عریفی (ناسەوانی): ێزکردنی لایەنی ەعریفی. | ٣٤ | ٥١.٥ | یەکەم |
| پاڵنەری خۆشی بە چێژوەرگرتن و کاتبە | ٢٦ | ٣٩.٤ | دووەم |
| ڵهاتن: رازینەبوون و بە ئامرازەکانی تری ەندیکردنەوە. | ٦ | ٩.١ | شەشەم |
| ی سەرسامبوون بە اریيەکانی ناو مۆبایل تی پەیوەندیکردن. | ١٤ | ٢١.٢ | پێنجەم |
| زمان: بۆ گرنگیدان شێوەزاری خانەقین. | ٢٦ | ٣٩.٤ | دووەم |
| ری کەلتوری: ەلتوری خانەقین بە ێنەکانی تر. | ٢٢ | ٣٣.٣ | سێیەم |
| دەروونی: هەست بوونی-خود) کردن. | ١٨ | ٢٧.٣ | چوارەم |
| چەیی: جۆریکە لە ن بە ناوچەکەمەوە. | ٢٦ | ٣٩.٤ | دووەم |

(٣-٣-٥) سوودە بەدەستهاتووەکانی بەکارهێنانی مۆبایل.(*********)

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕو، کە زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا، (بۆ پاراستنی شێوەزاری خانەقین و گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر) سوودیان لەتێرکردنی پێداویستیەکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لەڕێگەی مۆبایلەوە وەرگرتوە، هەروەها پلەی دووەمیان (تێرکردنی لایەنی دەروونیو هەستکردن بە پشووی دەروونی: کاتێك بە شێوەزاری خانەقینی دەدوێن هەست بە پشووی دەروونی دەکەن) و پلەی سێیەمیش تێرکردنی لایەنی ویژدانی: کاتێك هەندێك پەیوەندیی تەلەفۆنی بە شێوەزاری خانەقین گفتوگۆ دەکەن، هەست بە ئاسودەیی ویژدان دەکەن). بەتێڕوانینی توێژەران ڕووندەبێتەوە کە سوودی بەدەستهاتوو لەبەکارهێنانی شێوەزار لەپەیوەندی تەلەفۆنیدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە و هەر ئەوەش وایکردوە ئاخێوەرانی شێوەزارەکان ئاسودەبن لەنێو خۆیان و لەمیانی پەیوەندی تەلەفۆنی زیاتر بەشێوەزاری خۆیان لەگەڵ یەکدی بدوێن. بڕوانە خشتەی (١١).

خشتەی (١١)

سوودە بەدەستهاتوەکان (الإشباعات المتحققة)ی بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لەڕێگەی مۆبایل ەوە

| سودە بەدەستهاتووەكان (الإشباعات المتحققة) لەبەكارهێنانی شێوەزاری خانەقین لەڕێگەی پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە لای بەڕێزت چین؟ | دوبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| تێركردنی لایەنی دەروونیو هەستكردن بە پشووی دەروونی: (كاتێك بە شێوەزاری خانەقینی دەدوێیت هەست بە پشووی دەروونی دەكەیت.) | ٣٦ | ٥٤.٥ | دووەم |
| تێركردنی لایەنی كۆمەڵایەتی: بەشداریپێكردنی هاوڕێیان بەگرنگیپێدان و تێڕوانینیان. | ٢٩ | ٤٣.٩ | چوارەم |
| تێركردنی لایەنی ویژدانی: كاتێك هەندێك پەیوەندیی تەلەفۆنی بە شێوەزاری خانەقین گفتوگۆ دەكەیت، هەست بە ئاسودەیی ویژدان دەكەیت. | ٣٣ | ٥٠ | سێیەم |
| تێركردنی لایەنی خۆشیبەخشین: چێژ دەبینم لەئەنجامدانی هەندێك پەیوەندیی تەلەفۆنی بەشێوەزاری خانەقین. | ٢٢ | ٣٣.٣ | پێنجەم |
| پێداویستیی هەڵهاتن: هەستەكەم پێویستم بە شتێكی دەروونی هەیە، تاوەكو لەو واقیعەی تێیدام دووربكەومەوە بۆ واقیعێكی تر. | ١٠ | ١٥.٢ | شەشەم |
| تێركردن بۆ وەرگرتنی داتاو زانیاری: بۆ زانینی چۆنیەتی بەڕێكردنی ژیان و گوزەران لای خەڵكانی تر | ٩ | ١٣.٦ | حەوتەم |
| بۆ پاراستنی شێوەزاری خانەقین و گواستنەوەی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر. | ٣٩ | ٥٩.١ | یەكەم |

(٣-٣-٦) گرنگترین ئەو وشە و دەستەواژانەی شێوەزاری خانەقین كامانەن، كە لەپەیوەندی تەلەفۆنی لەڕێگەی مۆبایل بەكاریاندەهێنیت؟(**********)

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری: (گرنگترین ئەو وشە و دەستەواژانەی شێوەزاری خانەقین كامانەن، كە لەپەیوەندی تەلەفۆنی لەڕێگەی مۆبایل بەكاریاندەهێنیت؟)، بەرتوێژان دەیان وشە و دەستەواژەیان ئاماژەپێكردوە، گرنگترینییان ئەمانەن:

(خاسید، چوینی خاسی، اخبارد، خاسید براكم، جە گردی، كەی تید، دی، فرە خاسم، مانی نەوید، جوینن، چوینید، احوالد، چوینە، خەرگ، عالیاوە، بەد بەختی، فرە قسە هەس، دەس خوەش، ڕاست كەید، خاسی

براگەم، احوالت چوینە، هلاو، أحوالد، مەقەیت، خود بە، چوینید، میمزا خاسید، چەکەید، چەناکەید، بومە نزرد، هلو خاسید، چەهەس، چەنیە، بیشەی، الیوا، نیدمەی، پید، خاس، ئە را دە نگت نیە، چە کەید، ارا کوو چید، هایدە کورە، بەو، فرە خاسم، گشت لایگدان خاسن، ارا دیارد نی، امرو چەکردید، فرە حەزکردم دەنکد بژنەفم، مشتاق بیم اراد، جەتواید، چید، تیە ید، چە خوە ید، چە کە ید، چە نیکە ید، عە یب لە خوە د نیکە ید درو دە یدن، ورسکمە، چم ئاش خوەم، حەزکە مە لید، خوشد توام، مرمە باند، عە زیزید، قورباند، هایدە کو، ئەرا جواو نادید)

(٣-٣-٧) گرنگترین ئەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی مۆبایل کامانەن، کە بۆ گەشەپێدانی شێوەزار کاریگەرن؟(**********)

سەبارەت بەپرسیاری (گرنگترین ئەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی مۆبایل کامانەن، کە بۆ گەشەپێدانی شێوەزار کاریگەرن؟)، بەرتوێژان ئاماژەیان بەم بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی پەیوەنیدکردن کردوە. (فەیسبووك، واتس ئەپ، ڤایبەر، ماسنجەر، یوتیوب، ئینستاگرام، کیبۆردی کوردی، پرۆگرامی فۆنتە کوردییەکانی ناومۆبایل).

## (ئەنجامەکانی توێژینەوە)

توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەندین ئەنجامی زانستیی، لە خوارەوە گرنگترینیان دەخەینەڕوو:-

١.زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا ڕۆژانە لەپێنج کاتژمێر بۆ سەرەوە مۆبایل بۆ کاری جۆراوجۆر: (تۆڕی کۆمەڵایەتی، نامەگۆڕینەوە) بەکاردەهێنن، بەڵام بۆ کاری پەیوەندیکردن (قسەکردن)، ڕۆژانە (کەمتر لە ١٠ خولەك) مۆبایل بەکاردەهێنن.

٢.پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەکارهێنانی مۆبایل لەلایان بوەتەهۆی (گەڕاندنەوەی کاتی زۆر و کارئاسانیکردن بۆیان)، هەروەها کەمترین کەسیان و لەپلەی پێنجەمدا، مۆبایل بوەتەهۆی (پەیداکردنی ئاشنایەتی لەلایان لەگەڵ زمانی کەمەنەتەوایەتیەکانی تر).

٣.پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەرێژەیەکی بەرز، لەپەیوەندیە تەلەفۆنیەکانیاندا (شێوەزاری خانەقین) بەکاردەهێنن و لەپلەی پێنجەم و کۆتاییشدا (زمانی فارسی) بەکاردەهێنن و هەرچی بەکارهێنانی زمانی عەرەبیشە پێش زمانی فارسی و تەنانەت شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیش کەوتوە و لەپلەی دووەمدا هاتوە.

٤.گرنگترین ئەو لایەنانەی کە شێوەزاری خانەقینی لەگەڵیان بەکاردەهێنرێت بەپلەی یەکەم بریتین لە ناوخۆی خێزان و لەگەڵ کەسوکار، هەروەها لەپلەکانی پێنجەمیشدا بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقینە لەگەڵ (ئاخێوەری شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی) و (ئەو خەڵکانەی بۆ ئیشوکاری جیاجیا ڕوودەکەنە شاری خانەقین).

٥.زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەیان گرتوە، پێیانوایە (بەڵێ) پەیوەندیی تەلەفۆنی لەڕێگەی مۆبایلەوە، ڕۆڵی گرنگی لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردن و بەزیندوهێشتنەوەی شێوەزاری خانەقین بینیوە و بەهەمان ڕێژەش و بەشێك لەبەرتوێژان کەدیسان لەپلەی یەکەمدان وایدەبینن (تاڕادەیەك) ئامێری پەیوەندی تەلەفۆنی ئەو ڕۆڵەی بینیوە.

٦.لای زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان گرتوە، (پاڵنەری مەعریفی – ناسەوانی: بۆ بەهێزکردنی لایەنی مەعریفی) لەسەرو هەمو پاڵنەرە دەروونیی و کۆمەڵایەتیەکانی ترەوەیە بۆ بەکارهێنانی مۆبایل، هەروەها هەریەك لەپاڵنەرەکانی (پاڵنەری زمان: بۆ گرنگیدان بەشێوەزاری خانەقین)، (پاڵنەری ناوچەیی: جۆریکە لە شانازیکردن بە ناوچەکەمەوە) و (پاڵنەری خۆشی بەخشین: بۆ چێژوەرگرتن و کاتبەسەربردن) لەپلەی دووەمدا دێن.

٧.زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا، (بۆ پاراستنی شێوەزاری خانەقین و گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر) سوودیان لەتێرکردنی پێداویستیەکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوەزاری خانەقین لەڕێگەی مۆبایلەوە وەرگرتوە، هەروەها پلەی دووەمیان (تێرکردنی لایەنی دەروونیو هەستکردن بە پشووی دەروونی: کاتێك بە شێوەزاری خانەقین دەدوێن هەست بە پشووی دەروونی دەکەن) و پلەی سێیەمیش تێرکردنی لایەنی ویژدانی: کاتێك هەندێك پەیوەندیی تەلەفۆنی بە شێوەزاری خانەقین گفتوگۆ دەکەن، هەست بە ئاسودەیی ویژدان دەکەن).

٨. ئاخێوەرانی شێوەزاری خانەقین دەیان وشەی تایبەت بەشێوەزارەکەی خۆیان لەپەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر بەکاردەهێنن کەسەرجەمیان لەخێزانی ئەو شێوەزارەن، هەروەها چەندین بەرنامە و خزمەتگوزاری نێو مۆبایل بەئامرازی گەشەگردنی شێوەزاری خانەقین دەزانن، لەوانە: (فەیسبووك، واتس ئەپ، ڤایبەر، ماسنجەر، یوتیوب، ئینستاگرام، کیبۆردی کوردی، پرۆگرامی فۆنتە کوردییەکانی ناو مۆبایل).

پێشنیاز و ڕاسپاردە

١. دروستکردن و دانانی چەندین بەرنامە و ئەپی جۆراوجۆر لەلایەن شارەزایانی بواری زمان و تەکنەلۆجیای زانیاری کەتوانای دانانی لەمۆبایل و کۆمپیوتەر هەبێت و زمانی بەرکار تێیاندا شێوەزاری خانەقین بێت.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئاستی بەکارهێنانی هەریەك لەشێوەزارەکانی تر لەپەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم هەریەکەیان لەبواری تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندیکردندا.

ڕوونکردنەوە و تێبینییەکان:

(*) خزمەتگوزارییەکی دیارو گرنگی پێگەی ئەلیکترۆنیی بەناوبانگ (گوگڵ)ە، کە بە جۆرو شێوازو نەخشەسازیی جیاواز، فۆرمی ڕاپێویی پێدورستدەکرێت و، بۆچونو زانیارییەکان ڕوپێودەکاتو کۆدەکاتەوە، هاوکات وەڵامدانەوەی بە شێوەی ئۆنلاین دەستەبەرکردووەو دواتریش وەڵامەکان بە گوێرەی دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدییان ڕێکدەکات.

(**) ئەم شارەزایانە بون، بەپێی پلەی زانستیی:

١. پ. ی. د. دارا حەمید، پسپۆڕ لە زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

٢. پ.ی.د کاوە عبد الرضا، پسپۆر لەڕاگەیاندن، کۆلێجی تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٣. د. تریفە عومەر، پسپۆڕ لە زمانی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

(***) ژمارەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە، بریتیە لە (٦٦) کەس لەڕەگەزی (نێر) و (مێ).

(****)لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت، بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

(*****)لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت، بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

(******) لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت، بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

(*******)لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت، بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

(********)لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت، بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

(*********)لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت، بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

(**********) ئەم پرسیارە کراوە بو، کەوا داوا لە بەرتوێژان کرابو بۆ نوسینی دیارترین ئەو وشە دەستەواژانەی شێوەزاری خانەقین، کە لەپەیوەندی تەلەفۆنی لەڕێگەی مۆبایل بەکاریدەهێنن.

(***********)ئەم پرسیارە کراوە بو، داوا لەبەرتوێژان کرابو بۆ نوسینی ناوی دیارترین ئەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی مۆبایل، کە بۆ گەشەپێدانی شێوەزار کاریگەرن.

**سەرچاوەکان:**


یەکەم: کتێب

أ. بەزمانی کوردی

١. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف: "لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی"، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (٢٠٢٠).

٢. محەمەدی مەحوی: "فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی"، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٨).

ب. بەزمانی عەرەبی

٣. حسن عماد مكاوي ، ليلي السيد حسين: "الاتصال ونظرياتة المعاصرة"، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ١٩٩٨.

ج. بەزمانی ئینگلیزی

٥. Katz, E., Blumler, J. G., & Gurevitch, M: "Utilization of mass communication by the individual. In J. G. Blumler & E. Katz (Eds, ١٩٧٤, p: ٢١-٢٢.

دووەم: توێژینەوەی زانستی(بڵاونەکراوە، بڵاوکراوە)

یەکەم: بڵاونەکراوە

أ. (بەزمانی کوردی)

٦. سازان زاهیر سەعید: "نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا"، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، (زانکۆی سلێمانی: کۆلێژیی زمان، بەشی زمانی کوردی)، (٢٠١٩).

ب.(بەزمانی عەرەبی)

٧. إلهام نوادري و عبلة بوبكر: "تأثير الهاتف النقال على سلوك المراهقات المتمدرسات"، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي- الجزائر: كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية)، ٢٠١٨.

٨. تسامي رمضان، أنوار عبده: "مدى استخدام الطلبة للهواتف الذكية بهدف الحصول على المعلومات: طلبة كلية الإعلام وكلية تكنولوجيا المعلومات في جامعة النجاح الوطنية نموذجا"، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة النجاح الوطنية: كلية الإقتصاد والعلوم الإجتماعية، قسم الصحافة المكتوبة والإكترونية)، ٢٠١٧.

٩. سناء يوسف محمد: "صحافة المحمول وانعكاساتها على الممارسة الاعلامية"، رسالة دكتوراه (غير المنشورة)، (جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا: كلية علوم الاتصال)، ٢٠١٨.

دووەم: بڵاوکراوە

أ.(بەزمانی کوردی)

١٠. دڵشاد محمد غریب: "جێناو لە شێوەزاری(خانەقی/لوڕ)دا"، گۆڤاری زانکۆی کەرکووک، ژمارە(٢)، بەشی (٤)، (٢٠٠٩).

١١. دڵشاد محمد غریب: "ئەسپێکت لە شێوەزاری خانەقیدا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٥)، (٢٠١٤).

١٢. یادگار عەلی، هەژار خداداد: "ڕۆڵی کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان لەپرۆسەی تێگەیشتن لەزاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)"، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی یەکەم، ژمارە ٦، ٢٠١٩.

١٣. یادگار عەلی: "تێڕوانینی خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی تایبەت لەکەلار لەسەر زنجیرە دراما تورکیەکان لەکەناڵەئاسمانییە کوردییەکان"، گۆڤاری پەیمانگای تەکنیکی تایبەت- کەلار، ژمارە (٢)، تەمموزی ٢٠١٨.

ب. (بەزمانی عەرەبی)

١٤. أقدس صفاءالدين رشيد و أمال عبدالجبار حسوني: "الحماية القانونية لمشتركي الهواتف النقالة"، مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية، العدد الرابع، ٢٠١٧.

١٥. زكية أبو الحسن الهاشمي:" دواعي استخدام طلبة جامعة الكويت الهاتف النقال"، مجلة دراسات الخليج والجزيرة العربية، جامعة الكويت، ٢٠٠٨.

١٦. زياد بركات, صائل صبحة: "الدوافع النفسية والإجتماعية والإدارية وراء استخدام الشباب الفلسطيني لوسائل الاتصال الحديثة"، مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات - العدد السادس والعشرون (١)، كانون الثاني ٢٠١٢.

١٧. سعد ابراهيم ، حيدر احمد حسين: " دور الصحافة الموبايل في التحول نحو استيلاك الاخبار المتنقلة"، مجلة الدراسات الاعلامية، العدد السادس، ٢٠١٩.

١٨. محمد القضاه: " الهاتف الجوال أهميته واستخداماته في جامعه قطر"، مجلة اتحاد الجامعات العربية للآداب، العدد٣، ٢٠١٠.

سێیەم: ڕاپۆرت - التقرير:

١٩. جمهورية العراق/ وزارة التخطيط – الجهاز المركزي للإحصاء، تقرير أحصاءات الاتصالات والبريد لسنة ٢٠١٧، مديرية احصاءات النقل والإتصالات، تشرين الثاني ٢٠١٨.

٢٠. ديانا لاريا و منتصر مرعي: "صحافة الهاتف المحمول"، مركز الجزيرة الاعلامي للتدريب والتطوير، ٢٠١٦، ص٢.

٢١. تقرير من البنك الدولي (المعلومات والإتصالات من أجل التنمية): تعظيم الاستفادة من الهاتف المحمول (نظرة عامة)، واشنطن، ٢٠١٢.

چوارەم: ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

٢٢. موقع جريدة البيان، تأريخ دخول الموقع(٢٠٢٠/٢/١٢):

(https://www.albayan.ae/editors-choice/varity/٢٠١٥-١١-٢٣-١.٢٥١٢٤٢٥).

٢٣. ماڵپەڕی فەرمی کۆمپانیای ئاسیا سێڵ، ڕۆژی سەردانیکردنی ماڵپەڕ (٢٠٢٠/٣/١٥):

(https://www.asiacell.com/#/about/asiacell-history?lang=ku).

٢٤. ماڵپەڕی فەرمی کۆمپانیای کۆڕەك تیلیکۆم، ڕۆژی سەردانیکردنی ماڵپەڕ (٢٠٢٠/٣/١٥):

(https://www.korektel.com/ku/pages/about-us).

٢٥. ماڵپەڕی فەرمی کۆمپانیای زێن، ڕۆژی سەردانیکردنی ماڵپەڕ (٢٠٢٠/٣/١٦):

(https://www.iq.zain.com/ku/overview).

٢٦. Site of IGI Global, The date of entering the site (١٧/٣/٢٠٢٠):

(https://www.igi-global.com/dictionary/using-smartphones-in-the-college-classroom/١٨٩١٥).

٢٧. Site of techopedia, the date of entering the site (١٨/٣/٢٠٢٠):

(https://www.techopedia.com/definition/٢٩٥٥/mobile-phone).

٢٨. Site of Reuter's institute, "The date of entering the site (١٧/٣/٢٠٢٠):

(https://reutersinstitute.politics.ox.ac.uk/risj-review/how-mobile-phones-are-changing-journalism-practice-٢١st-century).